د.کەمال کەرکووکی بۆ گوڵان:

هەتا مووچەی پێشمەرگە لەلایەن حزبەکانەوە بدرێت، هێزی پشمەرگە یەکگرتوو نابێت

بارودۆخی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنەوەی ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانەی کە کەشێکی ناڕاسایی و نایاسایی و پڕ لە نائەمنی و نەهامەتی بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دروست کردووە، هەروەها دووبارە زیندووکردنەوەی سیاسەتی بەعسی شۆڤێنی و تەعریبکردن و سووکایەتی بە هێماکانی نەتەوەیی کورد لە کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکە لەلایەن سوپا و میلیشیای عێراقی و چەند پرسێکی هەنوکەیی، ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ د.کەمال کەرکووکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی میحوەری رۆژئاوای کەرکووکی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پێکدەهێنن.

*** دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر کوردستان کەوتە قۆناخێکی هەستیار و ناسک، لە هەمانکاتدا گۆڕانکاریش بەسەر پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆییەکاندا هات، پرسیار ئەوەیە، بۆچی ئەم کارەساتە بەسەر کوردستاندا هات؟ ئایا هۆکارەکەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو؟**

- ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستاندا هات، بەرئەنجامی ئەو فیکرە شۆڤێنییەیە کە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بنەماکانی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی و پەیمان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی پرۆسەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ، ریفراندۆم مافێکی رەوای هەموو گەلێکە کە لەسەر ئەو خاکەی لەسەری دەژی، خۆی وەکو گەل بە ئاشتی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. هەر بۆ نموونە لە بڕگەی دووی ماددەی یەک لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دان بەم مافەدا نراوە و هەروەها لە ماددەی (٥٥) دووبارە جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەوجا لەمەش زیاتر نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بڕیاردانی بۆ دیاریکردنی چارەنووس لە پرانسیپەوە گۆڕیوە بۆ ماف، ئەمەش بەو مانایە دێ، مافی بڕیاردان بۆ دیاریکردنی چارەنووس مافە، مافیش مولزمە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەردوو بڕیاری (١٥١٤) و (٢٢٠٠) و زۆر بڕیاری دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ و پرۆسەی دیموکراسی، باس لەوە کراوە، هەر گەلێک لەسەر خاکی خۆی مافی خۆیەتی، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بڕیار بدات، گەلی کوردیش لەسەر خاکی خۆی کە کوردستانە، زمانی خۆی، ناسنامەی خۆی، کەلتووری خۆی، ئایینی خۆی هەیە و، زیاتریش هەرێمی کوردستان کیانی خۆی هەیە، کە خاوەنی پەرلەمانی خۆیەتی، ئەم پەرلەمانە چوار خولی هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، لەم هەرێمە، میدیا و فرەنەتەوەیی و ئایینی ئازادن، بۆیە ئەو گەلە مافی خۆیەتی کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. بەڵام حکومەتی عێراق ئەمەی پێ قبوڵ نەبوو. بۆچی؟ چونکە باوەڕی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیدا نییە، خۆ پێشتریش کە هێزی سەربازییان ئامادە کرد بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر دووز و خانەقین و کەرکووک، ئەوکات لە کوردستان باسی ریفراندۆم نەکرابوو. هەروەها کاتێک بودجەی خەڵکی کوردستانیان بڕی، لەگەڵ ئەوەی ریفراندۆم مافی گەلی کوردستانە، هەر باسی پرۆسەی ریفراندۆم نەکرابوو، هەرێم دەستی بە نەوت فرۆشتنیش نەکردبوو. ئەوان بەردەوام هەڕەشە بوون لەسەر مافە رەواکانی گەلی کوردستان، هەر ئەوان بە نادەستووری و ناعەدالەتی و بە زوڵم و پیلان، هێرشی سەربازییان کردە سەر کوردستان، باشە ئەگەر خۆیان بە هەق دەزانن، بۆچی پەنایان نەبردە بەر دادگای فیدراڵی بە ئاشتی و دوور لە تووندوتیژی چارەسەری کێشەکان بکەن؟ ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە سەر ئەو کارەساتەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەسەر کوردستاندا هات، بێگومان حکومەتی عێراق بە تەنیا نەیدەتوانی هێرش بکاتە سەر کوردستان، بۆیە بە پشتیوانیی هێزی دەرەکی و بەکارهێنانی تاقمێکی خائین و خۆفرۆش و نەفسنزمی ناو یەکێتی نیشتمانی کە بوونە خولامی زۆر نزمی بەر دەستی داگیرکەران، هێرشیان کردە سەر کوردستان، تاقمی خیانەتکاران ئامادەکارییان بۆ خیانەتەکەیان کردبوو، (٢١) قەڵا کە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ قایمکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە سنووری میحوەری چوار لە باشووری کەرکووک دروستیان کردبوو، تاقمی خیانەتکار بە پێشمەرگەکان چۆڵیان کرد بۆ حەشد، ئەوانیش چوونە ناو قەڵاکان و زۆر لە کەرکووکەوە نزیک بوونەوە. زۆر شوێنی دیکەی هەستیاریان لە باشووری کەرکووک بۆ حەشد و پۆلیسی ئیتحادی بە پێشمەرگەکان چۆڵ کردبوو. چاوساخییان بۆ داگیرکەران دەکردو پێش هێزەکانی داگیرکەران کەوتبوون بۆ ناو کەرکووک و لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانیانیش داوایان لە هاوواڵاتیانی کەرکووک دەکرد، ئارام بن و دەیانگوت: هیچ نییە و بچنەوە ماڵەکانتان. ئەو پیلانە بووە هۆی تێکچوونی سیستەمی پاراستن و بەرگریی کەرکووک و ناوچەکانی

هەندێک لایەن ئەوەیان قبووڵ کردووە سووکایەتییان پێ بکەن و ئالای کوردستان دابگرن و نەهێڵن بە کوردی قسە بکەن

پارتی ئامادە نییە وەک ئەو حزبانە بە بێ ئالای کوردستان و لە بن دەستی حەشد و پۆلیس و دژەتیرۆر و کەرکووکێکی داگیرکراودا بارەگاکانی بکاتەوە

حزبی سیاسی هەیە دژی سەربەخۆیی کوردستان هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکاراندا دەکات و نۆکەری دەکات بۆ ئەوەی شەڕی دژی سەربەخۆیی بکات

زۆربەی حزبەکان بۆ دەستخستنی پۆست و پلە و بەرژەوەندیی حزبی خۆیان و مەرحەبایەکی ئەملاو ئەولا، دژی بەرژەوەندیی گەلەکەی خۆیان کار دەکەن

ناوماڵی کوردستان یەکڕیز و یەکگرتووە، لە ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەرکەوت کە گەلی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢,٧٣٪ دەیەوێت سەربەخۆ بێت، ئەمە ناوماڵی حەقیقی کورد و جیاوازە لە پەرتەوازیی حزبەکان

ئەگەر حکومەتی عێراق بەو خەیاڵە بێت کە دەتوانێت بە زەبری هێز سەقامگیری لە کەرکووک دروست بکات، ئەوا خەیاڵی خاوە و دەبێت لەوە دڵنیا بێت کە لەهیچ شوێنێکدا سەقامگیری دروست نابێت، هەتا خەڵکەکەی و خاوەنەکەی ڕازی نەکرێت

چوار فیرقەی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە پۆلیسی ئیتحادی و دژە تیرۆر و زیاتر لە (١٢) جۆری میلیشیای حەشد هێنراونەتە کەرکووک و هەر ئەم ڕۆژانە زیاتر لە ١٣٠٠ پۆلیسی دیکەیان لە بەغداوە هێناوە بۆ کەرکووک و داقوق

ئێستا بەرپرسی ئەمنییەتی پارێزگاری کەرکووک کەسێکە کە پێشتر بەرپرسێکی داعش بووە لە ناحیەی زاب و پارێزگاری ئێستای کەرکووک بە وەکالەت هێناویەتی و لە کەرکووک نیشتەجێی کردووە

دیکە وەکو دووز و خانەقین. هێزەکانی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک کە لە پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی پێکهاتبوون، دیارە پێشتر پێکەوە لە ژێر فەرماندەیی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک شەڕی زۆر باشی سەرکەوتوویان لە دژی داعش کردبوو، بەڵام لە (١٦ی ئۆکتۆبەر) ئەو ڕۆژە بە تەلەفۆنی ئەو تاقمە خائینە شەش لیوای هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەنگەرەکانیان بەجێ هێشت و ئەو چەکی قورس و ئالیاتەی کە هەیانبوو لەگەڵ گشت پێشمەرگەکانی یەکەی (٧٠) بە بێ موافەقەتی میحوەر و بەرپرسی میحوەر هەموو سەنگەرەکانیان چۆڵ کردو بووە هۆی تێکچوونی بەرگریکردن لە ئەتراف و ناوەوەی کەرکووک. ئەو کارەساتەی لە کەرکووک و دووز و خانەقین ڕوویدا، پیلانی گەورە و خەتەری دیکەیان لە بەرنامە بوو بۆ داگیرکردنی هەولێری پایتەختی کوردستان و شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان. بۆیە تەنیا پێشمەرگە سەربەرزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی مێژوویی و پیرۆزی خۆیانیان زانی شکۆی پایتەخت و هەرێمەکەیان، کە هەرێمی کوردستانە بە ڕۆح و بە گیانیان بپارێزن. ئەوە بوو وەکوو میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک بە بێ هێزەکانی یەکەی (٧٠) واتە بە بێ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جەبهەیەکی بەهێزی بەرگری لە پردێ دامەزراند، بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەوانە بدرێنەوە کە تەماحیان لە هەولێر و هەرێمی کوردستان کردبوو کە داگیری بکەن. هێزی پێشمەرگەی پارتی توانییان بە تەنیا ڕۆڵێکی بەرگریکردنی بەرز ببینن و هێرشی داگیرکەران تێکبشکێنن و بەرەو دوا ڕاویان بنێن.

*** داگیرکردنەوەی کەرکووک واقیعێکی تاڵی دروست کردووە، بەتایبەتی کە ئێستا جارێکی دیکە ئەو شارە کەتوونەتەوە بەر هەڵمەتی ڕەشی تەعریب، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تاڵە دەکرێت و تاچەند ئەم ئەمری واقیعە قبوڵ دەکرێت؟**

- ئەمە ئەمری واقیع نییە، بەڵکو ئەو بارودۆخەی هاتووەتەپێش، بە هۆی خیانەتێکی گەورەی میژوویی هاتەپێش، ئەو ڕێکخستنە ئەمنییەی پێشتر بۆ ئەو ناوچەیە ڕێکخرابوو، ناوچەکەی دەپاراست، بەتایبەتی دوای ئەوەی داعش موسڵ و حەویجەی گرت و بەرەو کەرکووک دەهاتن و نیازیان هەبوو کە کەرکووکیش داگیربکەن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناخی یەکەمدا توانی پێشڕەوییەکانی داعش ڕابگرێت و لە قۆناخی دووەمدا پاشەکشەیان پێ بکات و تەنانەت بەشێکی زۆری ناوچەکانیشی لە دەستی داعش پاک کردەوە هەتا گەیشتینە (٢٢) کیلۆمەتری حەویجە، هەربۆیە لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخستنانەی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکان لە ساڵانی ڕابردوو بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە دانرابوون، تەواوی ناوچەکە ئارام بوو، بەڵام پیلان بۆ داگیرکردنی کەرکووک و ئەترافی بە هاوکاری دەرەکی و خۆفرۆشتنی ژمارەیەک خائین لە ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجام درا، کە بوونە هۆی تێکچوونی هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی یەکەی (٧٠) و یەکەی (٨٠) و دەزگا ئەمنییەکان و چۆڵکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک لەلایەن (یەکەی ٧٠و بەرگری و فریاکەوتن) کە بە بێ ئاگاداری و موافەقەتی بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک لە بەرەی پاراستنی کەرکووک کشانەوە، بۆیە بە هێرشی سوپا و حەشدی شەعبی و حەشدی وەتەنی و هێزی دەرەکی، ئەو ڕێکخستنە ئەمنییە تێکچوو، ئەوانیش بۆیان ڕێکناخرێتەوە، بۆیە تەواوی بارودۆخی ئەو ناوچەیە زۆر ترسناکەو ڕۆژانە خەڵک دەکوژرێت و دەڕفێندرێت و خانووی خەڵک دەتەقێندرێتەوە. سەبارەت بە کەرکووکیش، ئێمە کەرکووک بە شارێکی داگیرکراو دەزانین و ئەم شارە لەلایەن میلیشیاکانی عێراق و هێزی دەرەکی و بە بەکارهێنانی تاقمی خیانەتکاری ناو ریزەکانی یەکێتی داگیرکراوە، بۆیە ئەو بارودۆخە قبوڵ ناکرێت و دەبێت چارەسەر بکرێت، هەتا ئێستا بە هۆی ئەو داگیرکارییە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە کار خراوە، پارێزگاری هەڵبژێردراو و شەرعی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکەوە، لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧)وە گیانی لەمەترسیدایە و لە بەر داگیرکاران دەربەردەر کراوە و دەستیان بکەوێت، دەستگیری دەکەن، یان دەیکوژن. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا زیاتر لە ١١ هەزار خێزانی عەرەبییان هاوردەی کەرکووک کردووە، بۆ ئەوەی دووبارە شارەکە تەعریب بکەنەوە. لەم بارودۆخەدا ڕێگەچارە ئەوەیە کە پێش هەموو شت دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە

و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و سوپا کە بۆ داگیرکردنی کەرکووک هێنراون، هەموویان بکشێنرێنەوە، ئەوجا جارێکی دیکە بەپێی دەستووری عێراق هەوڵبدرێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، بەپێی ئەم ماددەیە ئەوا دەبێت، یەکەم بارودۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، پاشان سەرژمێری بکرێت و ئەوجا گشتپرسی لەسەر چارەنووسی کەرکووک ئەنجام بدرێت و رێز لە ئالای کوردستان بگیرێت. بەپێی دەستووری عێراق، هێزەکانی عێراق ئەو مافەیان نییە لەسەر پرسی ریفراندۆم هێرشی سەربازی بکەنە سەر کوردستان، لەبەر ئەوەی لە دەستووری عێراقدا باسی ئەوە نەکراوە کە نابێت هەرێمەکان ریفراندۆم ئەنجام بدەن، هەروەها باسی ئەوەش نەکراوە بڵێت ئەنجامدانی ریفراندۆم لە چوارچێوەی دەسەڵاتە سنووردارەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییە، دەستووری عێراق لەسەر سێ بنەما داڕێژدراوە، کە بریتین لە دەسەڵاتە سنووردارەکان کە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە، دەسەڵاتی هەرێمەکان، یان ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمەکاندا رێکنەخراون، هەروەها بەشێك لە دەسەڵاتەکانیش هاوبەشن لە نێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵیدا، بەپێی ماددەیەکی ئەو دەستوورەش، ئاماژە بەوە کراوە ئەگەر کێشەیەك کەوتە نێوان حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی، ئەگەر نەکەوتە چوارچێوەی دەسەڵاتە سنووردارەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە و بەشێك بوو لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی، ئەوا بڕیارەکە بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵاتی هەرێمەکان یەکلایی دەکرێتەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا، ئەو ناوچانە بە هاوبەشی لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بەڕێوە ببرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە، ئایا ئەمە بەکردەیی هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟**

- پێش هەموو شت، ئەو ناوچانە وەك خاك، خاکی کوردستانن و بەهیچ شێوەیەك سازش لەسەر ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە ناکرێت، سەبارەت بە ئیدارەی شارەکەش دەبێت بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و هیچ هێزێکی سەربازی و میلیشیای چەکدار و هێزی بیانی لەناو شارەکە نەمێنێت، پاشان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی شارەکان دەبن، ئێمە خوازیاری ئەوەین بە شێوەیەکی ئاشتییانە بارودۆخی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە، ئەگەرنا خەڵکی کەرکووك ئەوە قبووڵ ناکات، ئەو کاتەش شێوازێکی دیکە دێتە پێشەوە.

*** هەر لەچوارچێوەی دڕێژەدان بە پرۆسەی تەعریب، باس لەوە دەکرێت پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووك بەنیازە بە ڕێگەی ڕووخاندنی مالّە کوردەکان لەژێر نێوی زیدەڕۆیی، ژمارەیەکی دیکەی کوردی کەرکووك ئاوارە بکاتەوە، لەسەر ئەم پرسە رای ئێوە چییە؟**

- بەپێی ئەو زانیارییانەی لای ئێمە هەن، ئەو پارێزگارەی ئێستا لە کەرکووك دانراوە، (١١) هەزار خێزانی عەرەبی هاوردەی کەرکووك کردووە و بە ئارەزووی خۆشیان زیدەڕۆیی دەکەن، ئەمەش هەنگاوێکە دژی کوردی کەرکووك و بۆ ئەوەیە بارودۆخی کوردی کەرکووك بەرەو خراپتر بەرن و دیموگرافیی کەرکووك بگۆڕن و کەرکووك زیاتر لە زەمانی رژێمی دیکتاتۆریی بەعس تەعریب بکرێت، لەمەش زیاتر ئێستا بەرپرسی ئەمنییەتی پارێزگاری کەرکووك کەسێکە کە پێشتر بەرپرسێکی داعش بووە لە ناحیەی زاب، ئەو کەسە وەك ئاوارە هاتبووە دیبەگە، پارێزگاری ئێستای کەرکووك بە وەکالەت هێناویەتی و لە کەرکووك نیشتەجێی کردووە و ئێستا ئەو کەسە بەرپرسی ئەمنییەتی پارێزگاری کەرکووکە (ئەمە بە شایەدی زۆر لە عارەبەکانی سنووری قەزای حویجە). ئێستا چوار فیرقەی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە پۆلیسی ئیتحادی و دژە تیرۆر و زیاتر لە (١٢) جۆری میلیشیای حەشد هێنراونەتە کەرکووك و هەر ئەم ڕۆژانە زیاتر لە ١٣٠٠ پۆلیسی دیکەیان لە بەغداوە هێناوە بۆ کەرکووك و داقوق، بەڵام ئەگەر حکومەتی عێراق بەو خەیاڵە بێت کە دەتوانێت بە زەبری هێز سەقامگیری لە کەرکووك دروست بکات، ئەوا خەیاڵی خاوە و دەبێت لەوە دڵنیا بێت کە لەهیچ شوێنێکدا سەقامگیری دروست نابێت، هەتا خەڵکەکەی و خاوەنەکەی ڕازی نەکرێت، ئەوجا بۆ ئەوەی خەڵکی کەرکووك و خاوەنەکەی ڕازی بکرێت و سەقامگیری بگەڕێتەوە، دەبێت وەکو باسمان کرد، پێش هەر شتێك کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە و پاشان ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت.

ئەو پارێزگارەی ئێستا لە کەرکووک دانراوە، (١١) هەزار خێزانی عەرەبی هاوردەی کەرکووک کردووە و بە ئارەزووی خۆشیان زیدەڕۆیی دەکەن، ئەمەش هەنگاوێکە دژی کوردی کەرکووک و بۆ ئەوەیە بارودۆخی کوردی کەرکووک بەرەو خراپتر بەرن و دیموگرافیی شارەکە بگۆڕن

بەپێی دەستووری عێراق، هێزەکانی عێراق ئەو مافەیان نییە لەسەر پرسی ریفراندۆم هێرشی سەربازی بکەنە سەر کوردستان، لەبەر ئەوەی لە دەستووری عێراقدا باسی ئەوە نەکراوە کە نابێت هەرێمەکان ریفراندۆم ئەنجام بدەن

ئێمە کەرکووک بە شارێکی داگیرکراو دەزانین و ئەم شارە لەلایەن میلیشیاکانی عێراق و هێزی دەرەکی و بە بەکارهێنانی تاقمی خیانەتکاری ناو ریزەکانی یەکێتی داگیرکراوە، بۆیە ئەو بارودۆخە قبووڵ ناکرێت و دەبێت چارەسەر بکرێت

حکومەتی عێراق بە تەنیا نەیدەتوانی هێرش بکاتە سەر کوردستان، بۆیە بە پشتیوانیی هێزی دەرەکی و بەکارهێنانی تاقمێکی خائین و خۆفرۆش و نەفسنزمی ناو یەکێتی نیشتمانی کە بوونە خولامی زۆر نزمی بەر دەستی داگیرکەران، هێرشیان کردە سەر کوردستان

ئێمە خوازیاری ئەوەین بە شێوەیەکی ئاشتییانە بارودۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئەگەرنا خەڵکی کەرکووک ئەوە قبووڵ ناکات، ئەو کاتەش شێوازێکی دیکە دێتە پێشەوە

رێگەچارە ئەوەیە کە پێش هەموو شت دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و سوپا کە بۆ داگیرکردنی کەرکووک هێنراون، هەموویان بکشێنرێنەوە، ئەوجا جارێکی دیکە بە پێی دەستووری عێراق هەوڵبدرێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت

تا ئێستا زیاتر لە ١١ هەزار خێزانی عەرەبیان هاوردەی کەرکووک کردووە، بۆ ئەوەی دووبارە شارەکە تەعریب بکەنەوە

*** لە ئێستادا زۆر باس لە یەکڕیزیی نێومااڵی کوردستان دەکرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا پەرتەوازەیی لەنێوان حزبە سیاسییەکانە، یان نێومااڵی کوردستان پەرتەوازەیە؟**

- سەبارەت بە یەکڕیزیی نێومااڵی کورد، من هەست دەکەم هەڵەیەک هەیە و ئەم هەڵەیەش زۆر جار لە ئاستی بەرزیش گوێم لێی دەبێت و دەڵێن ناو ماڵی کوردستان پەرتەوازەیە، بەاڵم لەبەر واقیعیدا ناوماڵی کوردستان یەکڕیز و یەکگرتووە، لە ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەرکەوت کە گەلی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢,٧٣٪ دەیەوێت سەربەخۆ بێت، ئەمە ناوماڵی حەقیقیی کورد و جیاوازە لە پەرتەوازیی حزبەکان. حزبەکان لە هەموو گەل زۆرتر نین و ئاشکرایە کە گەل لە حزب گەورەترە، پاکترە، زاناتر و دروستترە، دڵسۆزترە. حزبە سیاسییەکان هەموویان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە لەپێناوی ئەوە دامەزراون، خزمەتی گەلەکەیان بکەن، بەاڵم بە کردەوە ئەمە وا نییە، زۆربەی حزبەکان بۆ دەستخستنی پۆست و پلە و بەرژەوەندیی حزبی خۆیان و مەرحەبایەکی ئەملاو ئەولا، دژی بەرژەوەندیی گەلەکەی خۆیان کار دەکەن، هەروەها حزبی سیاسی هەیە دژی سەربەخۆیی کوردستان هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ داگیرکارانداً دەکات و نۆکەری دەکات بۆ ئەوەی شەڕی دژی سەربەخۆیی بکات، بەاڵم گەلی کوردستان هەموویان پشتگیری سەربەخۆیی دەکەن، بۆیە ئەوا راست نییە کە باس لە پەرتەوازەیی گەل دەکرێت، ئەو پەرتەوازەییە لەنێو حزبەکانە و کاتی ئەوەش هاتووە کە حزبەکان باش لەوە تێبگەن کە گەلی کوردستان ڕەش و سپی لە یەکتری جیادەکاتەوە.

*** هێشتا مەترسییەکان لەسەر کوردستان دوور نەکەوتوونەتەوە، ئەگەرەکان بە ئەگەری شەڕیشەوە کراوەن، ئایا ئەگەر خوانەخواستە شەڕێك بەسەر هێزی پێشمەرگەدا فەرزکرایەوە، مەترسیی ئەوە ماوە کە کارەساتێکی دیکەی هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوونەداتەوە؟**

- با بە ڕاشکاوی بدوێم، هەتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەر یەکەی (٨٠) و یەکەی (٧٠) دابەش بووبێت و پارە لە حزبەکان وەربگرن، ئەوا هەرگیز یەکبوون لەنێو هێزی پێشمەرگە دروست نابێت، هەربۆیە هەرکاتێك بارودۆخێکی تازە هاتبێتە پێشەوە، ئەوا هەر لایەنێکی سیاسی چۆن فەرمان بکەن، پێشمەرگەکانی سەر بە ئەوان جێبەجێی دەکەن، بۆیە ئەم حاڵەتە بەوە چارەسەر دەکرێت، کە سەرچاوەی مووچەی هێزی پێشمەرگە لەدەستی حزبەکان نەمێنێ و لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە دابین بکرێت، پێشمەرگە پاك و دڵسۆز و قارەمان و سەربەرزن، بەس سەرچاوەی داریان وای لێیان کرد پێشمەرگەکانی یەکەی (٧٠) لە ١٦ی ئۆکتۆبەر سەنگەرەکانیان بەجێ بێڵن. کەچی خواستی خۆیان نەبوو، ئەو هێزەی لەوێ بوو، کاتێك ڕۆیشتبوون و پاشان تەلەفۆنیان دەکرد، زۆر پێیان ناخۆش بوو، بەاڵم کشانەوە لەبەر ئەوەی دەیانگوت نانی مااڵ و منداڵەکانمان دەبڕن. هەربۆیە تەنیا ڕێگا، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە یەکگرتوو بێت، دەبێت سەرچاوەی مووچەکانیان لەیەك سەرچاوە بێت و سەرچاوەکەش وەزارەتی پێشمەرگە بێت، وەزارەتی پێشمەرگەش مووچەکانیان لە ڕێگای بانکەوە بدات، تاکو ڕاستەوخۆ بگاتە دەستی پێشمەرگەکان.

*** لەنێو شاری کەرکووك حزبە سیاسییەکان بارەگاکانی خۆیان کردۆتەوە، بەاڵم تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگاکانی داخراوە، ئایا بۆچی پارتییش ناگەڕێتەوە هەتا بارەگاکانی خۆی لەو شارە بکاتەوە؟**

- هۆکاری ئەم پرسیارە دوو لایەنە، لایەنی یەکەمیان دیارە پارتیش دەتوانێت وەك ئەو حزبانە بگەڕێتەوە و بارەگاکانی بکاتەوە، بەاڵم پارتی ئامادە نییە وەك ئەو حزبانە بە بێ ئااڵی کوردستان و لە بن دەستی حەشد و پۆلیس و دژەتیرۆر و کەرکووکێکی داگیرکراودا بارەگاکانی بکاتەوە، هەر بۆ نموونە هەندێك لایەن ئەوەیان قبووڵ کردووە سووکایەتییان پێ بکەن و ئااڵی کوردستان دابگرن و نەهێڵن بە کوردی قسە بکەن، کە زمانی کوردی، بەپێی دەستووری عێراق زمانی فەرمیی دەوڵەتی عێراقە، دیارە پارتی ئەوە قبووڵ ناکات، هەر بۆیە پارتی لایەنی دووەمی هەڵبژاردووە کە ئەویش ئەوەیە بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان دەکات و بە پشتیوانیی گەلی دڵسۆزی کوردستان، کەرکووکیش بە داگیرکراوی ناهێڵێت، بە سەربەرزی و بە کەرامەت و بە ئااڵی کوردستانەوە دەگەڕێتەوە کەرکووکی دڵی کوردستان.

سیستمی لیبڕاڵیی جیهانی

"نه سیستمه، نه لیبڕاڵییه، نه جیهانییشه"

نووسینی: ریچارد هاس

سەرچاوە: سەندیکەیت پرۆجێکت

بڕیاری ئەمریکا بە دەستبەرداربوونی لەو سیستمە جیهانییەی کە خۆی هاریکار بووە لە بونیادنانی و بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە پارێزگاری لێکردووە، بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتەکانی دیکە نە دەتوانن بایەخی پێبدەن، نە ئەو میکانیزمەشیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی بەردەوامیی پێبدەن، سەرەنجامیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئازادی و گەشەسەندن و ئاشتی لە جیهاندا بەرەو لاوازبوون بچێت.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەزار ساڵ بە سەر رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا، ڤۆلتێری فەیلەسوف و نووسەری گەورەی فەرەنسا هێرش دەکاتە سەر ئەو ئیمپراتۆریەتە و دەڵێت: «نە پیرۆز بووە، نە رۆمانی بووە، نە ئیمپراتۆریەتیش بووە.» ئەمڕۆش دوای

تێپەڕبوونی نزیکەی دوو سەدە و نیو، کێشەکە ئەوەیە کە سەرلەنوێ قسەکەی ڤۆلتێر سەبارەت بە کۆتاییهاتنی سیستمی لیبرالیی جیهانی بکەین و بڵێین: نە لیبرالییە، نە جیهانییە، نە سیستمیشە.

● سیستمی لیبرالیی جیهان لە ئێستادا

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بە وردی کاری لەگەڵ شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و دەوڵەتانی دیکە کرد، بۆ ئەوەی لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانیدا سیستمی لیبرالیی جیهانی دابمەزرێنێت، ئامانج لەم سیستمە ئەوە بوو کە گەرەنتی و دڵنیایی دروست بێت، بەوەی جارێکی دیکە ئەو بارودۆخە دروست نەبێتەوە کە لە ماوەی ٣٠ ساڵدا دوو شەڕی گەورەی جیهانی دروستکردبوو.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دەوڵەتانی دیموکراتی دەستیان کرد بە دامەزراندنی سیستمێکی لیبرالیی نێودەوڵەتی، ئەمەش بەو مانایەی لیبرالییە لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا ڕێز لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان دەگرێت، هەروەها مافەکانی مرۆڤ پارێزراو دەبن، هەموو ئەمانەش لە سەرانسەری هەسارەی زەویدا جێبەجێ دەکرێن، لە هەمانکاتدا بەشداریکردنیش بۆ هەموو لایەک کراوەیە و خۆبەخشانەیە. بۆ چەسپاندنی ئاشتییش چەند دامەزراوەیەک دروستکران وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ پەرەپێدانی ئابووری (بانکی نێودەوڵەتی)، بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان (سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی کە لە ساڵانی دواتردا بووە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی.)

هەموو ئەمانە و زیاتر لەلایەن ئابووری و هێزی سەربازیی ئەمریکا و تۆڕێک لە هاوپەیمانانی لە سەرانسەری ئەورووپا و ئاسیا پشتگیری لێدەکرا، هەروەها چەکی ئەتۆمییش هۆکارێکی دیکەی پاریزگاریکردن بوو، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر دوژمنکارییەک ئەگەر بکرێتە سەر ئەو سیستمە. سیستمی لیبرالیی جیهانی تەنیا پشتی نەبەستوو بەو بەها ئایدیالییانەی کە دیموکراتییەکان لەخۆیان گرتبوو، بەڵکو پشتی بە هێزی سەختیش بەستبوو، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو هیچ کام لەو پرانسیپانە لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتی نالیبرالی لە دەست نەدرێن، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە یەکێتی سۆڤیەت بە تەواوەتی بیروبۆچوونێکی جیاوازی سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی سیستم لە ئەورووپا و سەرانسەری جیهان هەبوو.

لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردو هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، سیستمی لیبرالیی جیهانی لە هەرکاتێکی دیکە بەهێزتر دەردەکەوت، بەڵام ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، ئەوا ئایندەی ئەم سیستمە جێگەی گومانە. بەکردەییش هەر سێ پێکهاتەکەی، لیبرالیزم، جیهانییەکەی، پاراستنی خودی سیستمەکە، بە شێوەیەک تەحەددی دەکرێت کە لە مێژووی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە.

لیبرالیزم لە پاشکەشەدایە، دیموکراتییەکان هەست دەکەن کە وا کاریگەریی پۆپۆلیزم لە زیادبووندایە، لە ئەورووپا حزبە سیاسییە تووندڕۆکان زەمینەی لەباریان بۆ ڕەخساوە، دەنگدانی بەریتانیا بۆ جیابوونەوە لە یەکێتی ئەورووپا، بەڵگەی سەلمێنەری ئەوەیە کە دەستەبژێر کاریگەریی خۆی لەدەستداوە، تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرگیز ئەو حاڵەتەی پێشتر نەبینیوە کە سەرۆکەکەی هێرش بکاتە سەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن، دادگاکان و دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسا لە وڵاتدا، هەروەها سیستمە ئەسۆریتاریییەکانی هاوشێوەی چین و ڕووسیا و تورکیا زیاتر قورساییان دەرکەوتووە. دەوڵەتانی هاوشێوەی هەنگاریا و پۆڵەندا وا دەردەکەون چارەنووسی دیموکراتییە تازەکەیان بەلاوە گرنگ نەبێت، هەربۆیە زۆر قورسە بتوانرێت قسە لەسەر جیهان بکرێت، وەک ئەوەی هیچ کەموکورتییەکی نەبێت.

ئێمە ئێستا دەرکەوتنی سیستمی ئیقلیمی دەبینین، یان زۆر بە ڕاشکاوی پاشاگەردانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین، هەریەک لەمانەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، هەوڵەکان بۆ بونیادی چوارچێوەیەکی جیهانی شکستی هێناوە، لەبەرامبەردا خۆپارێزی (Protectionism) بەمانای خۆتێکەڵاونەکردن بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەکان لە هەڵکشاندایە. لەمەش زیاتر دواییین وتوێژەکانی بازرگانیی جیهانی هەرگیز

بڕیاری ئەمریکا بە دەستبەرداربوونی لەو سیستمە جیهانییەی کە خۆی هاریکار بووە لە بونیادنانی و بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە پارێزگاری لێکردووە، بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت

لیبرالیزم لە پاشکەشەدایە، دیموکراتییەکان هەست دەکەن کە وا کاریگەریی پۆپۆلیزم لە زیادبووندایە، لە ئەورووپا حزبە سیاسییە تووندڕۆکان زەمینەی لەباریان بۆ ڕەخساوە

بەرهەمەکەی نابینرێت، ژمارەیەکی زۆر کەم لە بنەما تەحکوم بە شێوازی بەکارهێنانی فەزای ئینتەرنێت (cyberspace) دەکات.

لەهەمانکاتیشدا ململانێی نێوان زلهێزەکان دووبارە گەڕاوەتەوە دەستی پێکردۆتەوە. رووسیا سادەترین پێوەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکرد، کاتێک هێزی سەربازی بۆ گۆڕانکاری لە سنوورەکانی ئەورووپا بەکار هێنا. هەروەها سەروەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێشێل کرد، بە رێگەی هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦. کۆریای باکوور سووکایەتی بەو کۆدەنگییە بەهێزە نێودەوڵەتییە کرد سەبارەت بە رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی. جیهان دەستەوەستان بەدیار ئەو کارەساتە مرۆییانەوە راوەستاوە کە لە سووریا و یەمەن رووددەن، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی دیکەشەوە شتێکی ئەوتۆ بەرامبەر حکومەتی سووریا نەکرا کاتێک چەکی کیمیایی بەکارهێنا. فەنزویلا بۆتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو، لە جیهانی ئەمڕۆدا هەر لەنێوان سەد کەسدا یەکێکیان یان بۆتە پانابەر، یان لە سەر ئاستی ناوخۆ لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی دەرکراوە.

کۆمەڵە هۆکارێک هەن وایانکردووە هەموو ئەم رووداوانە رووبدەن، بەتایبەتی لە ئێستادا، هەڵکشانی پۆپۆلیزم بەشێکی وەڵامدانەوەی هەڵاوسانی داهاتی تاکەس و لەدەستدانی کار، هۆکاری ئەمە بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ تەکنەلۆژیای تازە، بەڵام بە شێوەیەکی فراوان دەگەڕێتەوە بۆ هاوردەکردنی شمەک و کێشەی پەنابەران. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم بۆتە ئامێرێک و سەرکردەکان بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیان بەکاری دەهێنن، بەتایبەتیش لە بارودۆخی قورسی ئابووری و هەلومەرجی سیاسیدا، هەروەها دامەزراوە جیهانییەکان لە خۆگونجاندیان لەگەڵ هاوسەنگیی هێز و تەکنەلۆژیا شکستیان هێناوە.

بەڵام وێرای هەموو ئەمانە، لاوازبوونی سیستمی لیبراڵیی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆك دونالد ترەمپدا، ئەمریکا بڕیاریدا بەشداری لە هاوبەشیی ترانس پاسفیك نەکات و بکشێتەوە لە رێککەوتنی پاریس پەیوەندیدار بە کەشوهەواوە. هەروەها هەڕەشەی ئەوەشی کردووە کە لە رێککەوتنی بارزگانیی ئازادی ئەمریکای باکوور و رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دووربکەوێتەوە. بەشێوەیەکی تاکلایەنە ئەمریکا باجی گومرگی ئەلەمینیۆم و ستیلی دیاریکردووە، بۆ ئەمەش بیانووی (ئاسایشی نەتەوەیی) بەکار هێناوە، کە دەکرێت ئەوانی دیکەش پەنای بۆ ببەن. ئەمەش پرۆسەیەکە کە جیهان دەخاتە ناو شەڕێکی بازرگانیی ترسناکەوە. ئەمریکا پرسیاری سەبارەت بە پابەندبوونەکانی لەگەڵ ناتۆ و هاوپەیمانەکانی دیکەی وروژاندووە، زۆر بە دەگمەن باسی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ دەکات، هەر بۆیە پێدەچێت دروشمی (ئەمریکا پێش هەر شتێك) و سیستمی لیبراڵیی جیهانی پێکەوە نەگونجێن.

بۆچوونەکانی من بۆ ئەوە نییە ئەمریکا رەخنەباران بکەم، ئەمڕۆ دەبێت هێزە گەورەکانی دیکەش، وەك: یەکێتی ئەورووپا، رووسیا، چین، هیندستان، ژاپۆن رەخنەیان لێ بگیرێت لەسەر ئەوەی دەیکەن، یان نەیانکردووە، یاخود لەسەر هەردووکیان. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا وڵاتێکی دیکە نییە، بەڵکو ئەمریکا ئەندازیاری سەرەکیی ئەو پرانسیپانەیە کە سیستمی لیبراڵیی جیهانی لەسەر دامەزراوە و پشتگیری سەرەکیی ئەو سیستمە بووە، لە هەمانکاتدا سوودمەندی سەرەکییش بووە. هەر بۆیە بڕیاری ئەمریکا بە دەستبەرداربوونی لەو سیستمە جیهانییەی کە خۆی هاریکار بووە لە بونیادنانی و بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە پارێزگاری لێکردووە، بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتەکانی دیکە نە دەتوانن بایەخی پێ بدەن، نە ئەو میکانیزمەشیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی بەردەوامیی پێبدەن، سەرەنجامیش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئازادی و گەشەسەندن و ئاشتی لە جیهاندا بەرەو لاوازبوون بچێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرگیز ئەو حاڵەتەی پێشتر نەبینیوە کە سەرۆکەکەی هێرش بکاتە سەر هۆیەکانی راگەیاندن، دادگاکان و دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسا لە وڵاتدا

جیهان دەستەوەستان بەدیار ئەو کارەساتە مرۆییانەوە راوەستاوە کە لە سووریا و یەمەن رووددەن، لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی دیکەشەوە شتێکی ئەوتۆ بەرامبەر حکومەتی سووریا نەکرا کاتێک چەکی کیمیایی بەکارهێنا

ئایا بە راستی شەڕی ساردی نوێ دەستی پێکردووە؟

نزیکەی چوار ساڵ دەبێت، واتە دوای ئەوەی کە رووسیا کریمیای داگیر کردو چین دەستپێشخەری ڕێگای نوێی ئاوریشمی خستەڕوو، قسە و باسێکی زۆر کراوە لەبارەی ئەوەی ئایا شەڕێکی ساردی دیکە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بەڕێوەیە. تەنیا لە ماوەی مانگی رابردوودا، مانشێتەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە «شەڕی ساردی نوێی پوتین» کرد و باسیان لە «شەڕی ساردی نوێی پوتین» کرد و هۆشداری ئەوەیان دا کە «تەرەمپ ئامادەکاری دەکات بۆ شەڕێکی ساردی نوێ». بەڵام ئایا بە راستی ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ رابردوو؟ سیاسەتی هاوچەرخ پڕە لە لێکچووانی هەڵە و پێدەچێت پرسی گەڕانەوەی شەڕی سارد یەکێک بێت لەو لێکچووانانە.

لە تڕۆپکی خۆیدا، شەڕی سارد بریتی بوو لە سیستمێکی جیهانی کە تێیدا ولاتان دابەش ببوون لەنێوان بەرەی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەتدا. ئەم شەڕە، هەموو پرسێکی پەیوەست بە کاروبارە نێودەوڵەتییەکانی ڕەنگڕێژی نەکرد لە جیهاندا، بەڵام کاریگەری بەسەر زۆربەی ئەو پرسانەوە هەبوو. لە بنەڕەتدا ئەم شەڕە ناکۆکییەکی ئایدیۆلۆژی بوو لە نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیزمدا کە لە سەدەی بیستدا لە ئارادا بوو، کە تێیدا هەر لایەنێکی ناکۆکییەکە سەرسەختانە پابەند بوو بە سیستمی ئابووری و حوکمڕانیی تایبەت بە خۆیەوە. هەروەها بریتی بوو لە سیستمێکی دووجەمسەری کە دەبوو سەرکەوتنی یەکجارەکی، یان شکستی یەکجارەکی تێدا بەدی بێت، واتە هیچ لایەک وێنای سازشێکی دڕێژخایەنی بۆ ئەوی دیکە نەدەکرد. شەڕی سارد شەڕێکی تونـد و یەکلاکەرەوە و زۆر مەترسیدار بوو. سیستمەکانی چەکە ناوکییە ستراتیژییەکان دەبوونە هۆی تێکشکاندنی هێزە باڵا رکابەرەکان، تەنانەت ئەگەر بە مانای وێرانکردن و کاولکردنی نیوەی جیهانیش بوایە. لە ئێستادا کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بە رادەیەکی گەورە تەمومژاوی و پڕ لە تەحەددین، بەڵام بە ئەندازەیەکی گەورە دوورن لەو ڕەهاگەرییەی لە سەروەختی شەڕی ساردا هەبوو. کەواتە ناوزەدکردنی بارگرژییەکانی نێوان هێزە گەورەکان لە سەدەی بیست و یەکدا واقیعەکەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، هێندەی ئەوەی ئەو واقیعە دەشارێتەوە. ئەمە جۆرێکە لە تەمەڵیی زاراوەسازی کە ناکۆکییەکانی ئەمڕۆ بەراورد دەکات بە ناکۆکییەکانی رابردوو، کە زۆربەی شرۆڤەکاران شارەزاییان هەیە لەبارەی ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت. ئەگەرچی زۆرێك لە دەنگدانەوە و ئاسەوارەکانی شەڕی سارد هێشتا لە ئاراداان.

سیاسەتی دەرەکیی دوژمنکارانە و ڕێگرانەی ڕووسیا لە سایەی دەسەڵاتی سەرۆك پوتیندا لەو هەستەوە سەرچاوەی گرتووە کە ولاتەکەی شەڕی ساردی دۆڕاندووە لە ساڵانی هەشتاکاندا و دوچاری ئاسەوارەکانی تێکشکانەکەی ساڵانی نەوەتەکان بۆتەوە. زۆرێك لە ڕووسییەکان، رۆژئاوا بە بەرپرسیار دەزانن لەبارەی ئەو پشێوی و داڕووخانەی لە سەردەمی سەرۆکایەتی بۆریس یەلتسین دوچاری ولاتەکەیان بۆوە. هەروەها ئەوان پەرۆشی ئەو ڕێزەن کە یەکێتی سۆڤیەت وەك هێزێکی باڵا (سوپەرپاوەر) هەیبوو (ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمیان پەرۆشی ئەو مەینەتییانەن کە لە سایەی خودی دەوڵەتی سۆڤیەتدا بەسەریاندا هات). ئەوان خوازیاری سەرۆکێکی بەهێزن کە باوەڕیان وایە ڕێزی شایستەی بۆ ڕووسیا گەڕاندۆتەوە، هەروەها ئەوان پێشوازی لەو سەقامگیرییە ناوخۆییە دەکەن کە باوەڕیان وایە پوتین بۆ ڕووسیای دەستەبەر کردووە. لەلایەکی دیکەوە، چین باوەڕی وایە کە گەشە ئابووریە بێ پێشینەکەی، پێگەی هێزێکی باڵادەستی پێداوە لە ناوچەکەدا- واتە چیتر ئامرازێك نییە بەدەستی هێزەکانی دیکەوە بە چەشنی ئەوەی لە سەروەختی شەڕی ساردا لە ئارادا بوو. ئەگەر شەڕی سارد جڵەوی چینی کردبێت، ئەوا ڕۆژگاری دوای شەڕی سارد دەستی چینی والا کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاربکات، کە ئەمە باوەڕی زۆرێك لە چینییەکانە. لە هەمان کاتدا، سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی –چین- سەرگەرمانە دیراسەتی ئەوە دەکەن کە چۆن یەکێتی سۆڤیەت داڕووخا، ئەویش لە پێناوی ئەوەی ولاتەکەیان لە تووشبوون بە چارەنووسێکی هاوشێوە لا بدەن. چین و

ئەگەر بمانەوێت میژوو بەسەر دروستکردنی سیاسەتدا پیادە بکەین، ئەوا دەبێت هێندەی هەستیارییمان بۆ لێکچوونەکان هەیە، هێندەش هەستیار بین لە ناست جیاوازییەکاندا

ڕۆژگاری دووجەمسەری بەسەر چووە. ئەگەر لە ئێستادا سیاسەتی نێودەوڵەتی بە ناراستەیەکدا بڕوات، ئەوا ناراستەی فرەجەمسەری گرتۆتەبەر

نووسینی: ئۆد ئارنی وێستاد

لە سایتی فۆرێن ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە.

هەموو لایەکی دیکە کێشەی کۆریای باکووریان بە میراتی لە شەڕی ساردەوە بۆ ماوەتەوە، بە هەمان شێوە بێزارییەکی قوڵ هەیە لەبارەی ئەوەی زۆرێك لە چینییەکان بە هەژموونی جیهانی ئەمریکای دەزانن.

بەڵای ئەمریکاوە، دەنگدانەوەی گەورەی شەڕی سارد ئەو هەستەیە- کە زۆر بەهێزە لە نێو دەنگدەرانی سەرۆك دۆنالد ترەمپدا، بەڵام لە شوێنی دیکەش بەدی دەکرێت- کە لایەنەکانی دیکە سوودیان لە ئەمریکا وەرگرتووە. واتە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، لە میانەی شەڕی ساردا، ئەمریکا بە نرخێکی هەرزان ئاسایشی بۆ باقی جیهانی سەرمایەداری دەستەبەر کرد، بەمەش هاوپەیمانەکانی ئەمریکا سوودیان لە دارایی و کاری ئەمریکا وەرگرت، بەڵام شتێکی کەمیان لەبەرامبەردا بەخشی. زۆرێك لە دەنگدەرانی ئەمریکا هەست دەکەن کە وڵاتەکەیان- کە شەڕی ساردی بردەوە- لەبەرامبەردا هیچی بەدەست نەهێنا. ئیدارەی ئێستا تەرکیزێکی زیاتر لەسەر بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی ئەمریکا دەکاتەوە.

ئەمانە ئەو لایەنانەی شەڕی سارد بوون کە ئەو جیهانەیان دروست کرد کە ئێستا تێیدا دەژین. بەڵام لە ئێستادا کاروبارە نێودەوڵەتییەکان دۆخی شەڕی ساردیان تێپەڕاندووە.

چونکە رۆژگاری دووجەمسەری بەسەر چووە. ئەگەر لە ئێستادا سیاسەتی نێودەوڵەتی بە ئاراستەیەکدا بڕوات، ئەوا ئاراستەی فرەجەمسەری گرتۆتەبەر. دەسترۆیشتوویی ئەمریکا لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان کەم دەبێتەوە. چین بەهێزتر دەبێت. ئەورووپا دوچاری چەقبەستوویی بووە. رووسیا هێزێکی نارازی مشەخۆرە و لە پەراوێزی ئەو سیستەمەی ئێستادایە. بەڵام وڵاتانی دیکە، وەك هیندستان و بەرازیل زیاتر دەسترۆیشتوو دەبن لە ناوچەکانیاندا.

چیتر ئایدیۆلۆژیا فاکتەری یەکلاکەرەوە نییە. چین و ئەورووپا و هیندستان و رووسیا و ئەمریکا لەسەر چەند پرسێك ناکۆکن، بەڵام نەك لەسەر بەهای سەرمایەداری و بازاڕەکان. چین و رووسیا هەردووکیان دەوڵەتی خۆسەپێنن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن حکومەتێکی نوێنەرایەتییان هەیە. بەڵام هیچ یەکێکیان هەوڵەکانی نەخسوتەگەڕ بۆ ئەوەی مۆدێلەکەیان بگوازنەوە بۆ شوێنەکانی دیکە، بە چەشنی ئەوەی لە سەروەختی شەڕی ساردا کردیان. تەنانەت پێدەچێت ئەمریکاش- وەك پەرەپێدەری سەرەکیی بەها سیاسییەکان- کەمتر مەیلی ئەوەی هەبێت ئەم کارە بکات، بەتایبەتی کە ترەمپ دروشمی «سەرەتا ئەمریکا»ی بەرزکردۆتەوە.

هەروەها ناسیۆنالیزم لە هەڵکشاندایە. ئێستا سەرجەم هێزە مەزنەکان پێداگیری لەسەر ناسنامە و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان دەکەن و وەك خەسڵەتی سەرەکیی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، ئەمە دوای ئەوەی دوچاری زەحمەتی بوونەوە لە بەهێزکردنی پێگەی خۆیاندا، دوای ئەو وێرانکارییەی لە هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا دوچاری بوون- کە پاڵنەری ناسیۆنالیستییان هەبوو-. لەگەڵ شەڕی سارددا کە جەختی لەسەر ئایدیۆلۆژیا نانەتەوەییەکان دەکردەوە. ئەوانەی لە سەروەختی شەڕی سارددا بانگەشەیان بۆ نێودەوڵەتیبوون دەکرد، باسی ئەوەیان کرد کە پۆلێنکردنی نەتەوەیی گرنگییەکی کەمتر و کەمتری هەیە. بەڵام رۆژگاری دوای شەڕی سارد دەریخست کە هەڵە بوون. چونکە ناسیۆنالیستەکان، لە نێو داروپەردووی بانگەشە ئایدیۆلۆژییە گەورەکانەوە بۆ باشترکردنی دۆخی مرۆڤایەتی گەشەیان کرد.

ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەی لە ئێستادا دروست بووە هەرچیەك بێت، ئەوا ناتوانین بڵێین شەڕی ساردە. رەنگە سیستمێك بێت کە پڕ بێت لە ناکۆکی و بە ئاراستەی رووبەڕووبوونەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام پەنابردن بۆ بەکارهێنانی زارەوەی شەڕی سارد وەك کۆڵەکەی هاوبەشیی هەر شتێك کە حەزی پێ نەکەن، شتێکی بێمانایە. لەبری ئەوە دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین لەو تێبگەین کە چۆن پەند و عیبرەتی رابردوو کاریگەرییان هەیە لەسەر بیرکردنەوەمان لەبارەی ئێستاوە. ئەگەر بمانەوێت مێژوو بەسەر دروستکردنی سیاسەتدا پیادە بکەین، ئەوا دەبێت هێندەی هەستیارییمان بۆ لێکچوونەکان هەبە، هێندەش هەستیار بین لە ئاست جیاوازییەکاندا.

ئەگەر شەڕی سارد جڵەوی چینی کردبێت، ئەوا رۆژگاری دوای شەڕی سارد دەستی چینی والا کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاربکات

سیاسەتی هاوچەرخ پرە لە لێکچووانی هەڵە و پێدەچێت پرسی گەڕانەوەی شەڕی سارد یەکێک بێت لەو لێکچووانە

شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی
ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

بە دووری دەزانم هەڵبژاردنێکی پاک و پێگەرد لە کەرکووکدا ئەنجام بدرێت

ئەگەر پەراوێزخستن بەردەوام بێت چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی عێراق دەکات

ئاشکرایە کە رەوشێکی نالەبار و نەخوازراو باڵی بەسەر شاری کەرکووکدا کێشاوە، کە نەک هەر تەنها خەڵکی شارەکە لە رووی ئەمنییەوە لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا دەژین، بەڵکو رەوشی خزمەتگوزاری شارەکەش پشتگوێ خراوە و بگرە بوونی تاقمە چەکدارە جۆراوجۆرەکان بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانین پێشبینی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئاسایی و پاک و بێگەرد لەو شارەدا بکەین، هەموو ئەمانە بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.

*** تێکچوونی دۆخی ئاسایش و سەقامگیریی شاری کەرکووک گەورەترین مەترسییە کە هەڕەشە لە هەموو پێکهاتەکانی دەکات، وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک چۆن دەڕوانیتە ئەم دۆخە و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوواڵاتیانی شارەکە چییە؟**

- لە راستیدا لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی شارەکە ژمارەیەکی زۆری هاوواڵاتیانی شاری کەرکووک ئاوارە بوون و ڕوویان کردە شارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دۆخی ئاوارەکانی خراپتر کرد، هاوکات بارگرانییەکی زۆریشی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کرد، بەتایبەتی لەگەڵ بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و کەمبوونەوەی ئاستی گوزەران و بژێوی ژیانی هاوواڵاتیانی هەرێمەکە، مەبەستم ئەوەیە کە زۆربوونی ژمارەی ئاوارەکان باری سەرشانی حکومەتی هەرێمی قورستر کرد. چونکە ئێمە دەزانین کە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عەرەبی سوننە لە هەرێمی کوردستانن، بەتایبەتی ئاوارەکانی پارێزگای سەلاحەددین و بە دیاریکراوی خەڵکانی ناحیەی بێجی و ئەلسینیە. هەروەها ئەوەی دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە حکومەتی مەرکەزی هاوکاری و یارمەتی نەگەیاندۆتە ئەو ئاوارانەی لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون. کە دەبوو حکومەتی مەرکەزی لە ڕێی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانەوە هەموو هاوکارییەکی بۆ ئەو ئاوارانە دەستبەر بکردایە.

دەستێوەردانی دەرەکیی ئێران و تورکیا لە پرسی کەرکووکدا بووە هۆی لەباربردنی خەونی سوننەکان بۆ دروستکردنی هەرێمێک کە تێیدا بتوانن مومارەسەی سەرجەم مافەکانی خۆیان بکەن

بەڕێز حەیدەر عەبادی لەسەر حزبی دەعوە کە گەورەترین لیستە لەناو پەرلەمان، رەچاوی بڕگە گرنگ و هەستیارەکانی ناو دەستووری نەکردووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانەوە هەیە

ئەگەر نییەتمان هەبێت مەترسییەکانی سەر کەرکووک بڕەوێنینەوە، ئەوا پێویستە پرۆسەیەکی ئازادکردنی راستەقینەیی ناوچەکانی باشووری رۆژئاوای کەرکووک ئەنجام بدرێت

*** باست لەوە کرد کە پێشتریش ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عەرەبی سوننە رووبان کردووەتە شارەکانی هەرێمی کوردستان، ئایا لەم هەرێمەدا چۆن پێشوازی لەو ئاوارانە کراوە؟**

- لە راستیدا لە دوای ٢٠١٤/٦/١٠وە کە هەر شەش پارێزگا سوننەکەی عێراق کەوتنە دەستی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش، سەرجەم ئاوارەکانی ئەو شارانە رووبان کردە هەرێمی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا کە بەغدای پایتەختی عێراق، دەرگا و دەروازەکانی بە رووی ئاوارەکانی شاری ئەنبار و پارێزگا سوننەنشینەکانی دیکەدا داخست، ئەوە بوو هەرێمی کوردستان لە رێی فرۆکەخانەکانەوە پێشوازی لە ئاوارەکانی ئەنبار کردو سەرجەم ئەو ئاوارانەی لەخۆ گرت، هەموو ئەمانەش لەسەر حیسابی قووتی خەڵکی کوردستان بوو، ئەمەش چاکەیەکە لە ئەستۆی ئێمە و عەرەبی سوننەیە و قەرزێکە بە گەردنی ئێمەوە دەبێت چاکەی ئەو هەڵوێستە شەرفمەندانەی کوردستان بە گەل و حکومەتەوە بدەینەوە.

*** دۆخی ئەمنیی شاری کەرکووک لە ئێستادا چۆنەو ئایا چ مەترسی و هەڕەشەیەک لەسەر هاوڵاتیان و خودی شارەکە هەیە؟**

- لە راستیدا لەدوای ئەو رووداوانەی بەسەر شارەکەدا هات، هاوڵاتی لەناو کەرکووکدا لە دۆخێکی دەروونیی ناجێگیردا دەژین، لە زۆربەی گەڕەکەکان چەکدار هێرش دەکاتە سەر ماڵەکان، واتە رەوشێکی ئەمنیی شڵەژاو هەیە لەو شارەدا. هەروەها ئێستا کەرکووک رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی بۆتەوە بە هۆی دەرکەوتنەوەی شانە نووستووەکانی داعش. کەواتە خەڵکی لە دڵەڕاوکێیەکی جددیدان، چونکە ئەمانە هەڕەشە و مەترسیی راستەقینەن کە هەموویان دەبنە هۆی تێکدان و شڵەژاندنی دۆخە ئەمنییەکە لەم پارێزگایەدا.

*** باسی مەترسییەکانی خۆڕێکخستنەوەو سەرهەڵدانەوەی کارو کردەوە تیرۆریستییەکانی داعشت لە پارێزگاکە کرد، وەکو پێکهاتەیەکی گرنگی شارەکە لە عەرەبی سوننە پێتانوایە چۆن دەتوانرێت ئەو مەترسییە لەسەر شاری کەرکووک دوور بخرێتەوە؟**

- وەکو راوبۆچوونێکی شەخسی خۆم، پێموایە ئەگەر نییەتمان هەبێت مەترسییەکانی سەر کەرکووک بڕەوێنینەوە، ئەوا پێویستە پرۆسەیەکی ئازادکردنی راستەقینەیی ناوچەکانی باشووری رۆژئاوای کەرکووک ئەنجام بدرێت، دەڵێم رزگارکردنێکی راستەقینە، واتە نەک وەکو ئەو پرۆسە سەربازییەی پێشووتر ئەنجام درا کە زیاتر لە پرۆسەیەکی پڕوپاگەندەی راگەیاندن دەچوو و رزگارکردنی راستەقینە نەبوو، چونکە چەکدارانی داعش ئازادانە لە باشووری کەرکووکدا دەهاتن و دەچووون. هەروەها چەکدارانی داعش توانییان خۆیان لە تونێلەکاندا حەشار بدەن و توانییان هێرشی کتوپڕ بکەن، ئیدی بۆ بڕینی رێگاکان بێت، یان پەلاماردانی شارەکان بێت، ئیدی هێرشکردن بۆ سەر حەویجە بێت، یان بۆ سەر ناحیەی رەشاد یان ریاز، یاخود بۆ سەر دەوروبەری داقوق کە هەموو ئەمانەش زیانێکی زۆری بە ژیانی ئاسایی هاوڵاتیان گەیاند.

*** ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دامەزراوەیەکی تەشریعی و جێبەجێکارە کە لەلایەن دانیشتوانی کەرکووکەوە هەڵبژێردراوە، ئایا ئاوارەبوونی زۆربەی ئەندامەکانی ئەنجومەنەکە و ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی ئاسایی کاریگەریی لەسەر دۆخە سیاسی و ئیدارییەکە کردووە؟**

- لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و هاتنە پێشەوەی ئەم دۆخە نوێیە، نەتوانراوە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجام بدرێت، هەروەها ئەمە بۆتە هۆی پەککەوتنی کاری لیژنەکان کە لە دەرئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت خزمەتگوزاری پێشکەشی هاوڵاتیان بکرێت. بۆ نموونە دەبینیت لە ئێستادا زبڵ و خاشاکێکی زۆر لە ناو شارەکەدا هەن کە کۆنەکراوەنەتەوە و فرێنەدراون و نەتوانراوە کاری ئەو کۆمپانیایەش چالاک بکرێتەوە، کە پێشتر کاری هەڵگرتنەوەی خاشاکی دەکرد، ئەمەش دۆخێکی دروست کردووە کە کاری لیژنەکانی دیکەش پەکیان بکەوێت، وەک لیژنە خزمەتگوزارییەکانی دیکە و لیژنەی کشتوکاڵی.

*** ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەنجومەنەکەتان کۆبۆنەوە ئاساییەکانی خۆی دەست پێبکاتەوە؟**

- لە راستیدا ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان پێویستی بەوە هەیە حەیدەر عەبادی وەکو فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە شاری کەرکووک رووياندا‌وە بیگەڕێنێتەوە دۆخی ئاسایی و سرووشتیی جارانی، چونکە لەناو ئەم رووداوانەو دەستێوەردانە دەرەکییانەدا و لە سایەی ئەم گوشار و هەلومەرجە نائاساییەدا ناتوانرێت کار بکرێت. چونکە ئێمە بە گوێرەی دەستوور و یاسا کار دەکەین و هیچ کامیانمان پێشێل نەکردووە و بەپێچەوانەوە داوای جێبەجێکردنی دەستوور و یاسامان کردووە. ئەو دەستوورەی کە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێی رازی بوون، بەڵام دەبینین هەندێ لایەن لەو دەستوورە لایانداوە و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاردەکەن.

*** مەبەستتان لەو لایەنانە کە لە دەستوور دەرچوون، کێیە؟**

- بۆ نموونە بەڕێز حەیدەر عەبادی لەسەر حزبی دەعوە کە گەورەترین لیستە لەناو پەرلەمان، رەچاوی بڕگە گرنگ و هەستیارەکانی ناو دەستووری نەکردووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانەوە هەیە.

*** چۆن لە دەستێوەردانی دەرەکی لە پرسی کەرکووکدا دەڕوانیت؟**

- بە راشکاوی دەیڵێم کە دەستێوەردانی دەرەکیی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا لە پرسی کەرکووکدا بووە هۆی لەباربردنی خەونی سوننەکان بۆ دروستکردنی هەرێمێك کە تێیدا بتوانن مومارەسەی سەرجەم مافەکانی خۆیان بکەن. چونکە ئەم پێکهاتەیە لە ساڵی ٢٠٠٣وە دوچاری پەراوێزخستن و پێشێلکردنی مافەکانی بۆتەوە. کەواتە ئێمەش تەمەننای ئەوەمان دەکرد، بە چەشنی کوردستان خاوەنی هەرێمێك بووینایە بۆ ئەوەی بەهرەمەند بین لە رەوشێکی ئەمنیی سەقامگیر و لە خزمەتگوزاری و مومارەسەکردنی مافەکان.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دۆخی شاری کەرکووک ئاسایی نەبۆتەوە، ئایا لەناو واقیعێکی وا تاڵدا چۆن دەتوانرێت لەم پارێزگایە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام بدرێت؟**

- بە راشکاوی دەیڵێم کە من بە دووری دەزانم لەم بارودۆخە نائاسایی و ناسەقامگیرییەی کەرکووکدا هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لەم پارێزگایە ئەنجام بدرێت، هۆکارەکەشی بوونی چەند هێزی چەکداری تایبەت بە هەندێك لە کاندیدەکانە، کە بە دڵنیاییەوە هەموو هەوڵەکانی فشارخستنە سەر هاوواڵتیان ئەنجام دەدەن بۆ دەنگدان بەو کاندیدانەی خاوەنی ئەو تاقمە چەکدارییانەن، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لە پارێزگای کەرکووك ئەنجام نەدرێت.

*** پێتوانییە رۆیشتن بەم ئاراستەیە و فەرامۆشکردنی هەر دوو پێکهاتەی کوردی و عەرەبی سوننە سەرەتایەکە بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو عێراقەی کە لە سەر پرەنسیپی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بونیاد نراوە؟**

- من داڕووخانی پرەنسیپی شەراکەت دەبینم و بگرە پێموایە پێشتریش شەراکەتێکی راستەقینە نەبووە لە عێراقدا، بەڵکو ئەوەی هەبوو پەرەپێدانی بەرژەوەندییە بەرتەسکەکان بووە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی، چونکە ئەگەر شەراکەتێکی راستەقینە هەبوایە، رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر رووياندا نەدەدا. ئێمە دڵمان خۆش بوو لە دوای ٢٠٠٣وە کە پرۆسەیەکی دیموکراتی لە عێراقدا بەڕێوە دەچێت، بەڵام بینیمان کودەتا کرا بە سەر دەستووردا و ملکەچی نەکرا بۆ دەستوور و یاسا.

*** چۆن دەکرێت ئەو شەراکەتە بنیاد بنرێت؟**

- ئێمە ئەگەر بمانەوێت شەراکەت بنیاد بنێین، دەبێت پابەند بین بە دەستوورەوە و کار بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەکان بکرێت و ئەو کاتە دەکرێت پرۆسە سیاسییەکە رێچکەی خۆی بگرێتەبەر بە چەشنێك کە لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

من دەڵێم پەراوێزخستنی هەر لایەنێکی سیاسی لە بەرژەوەندیی عێراق و پرۆسە سیاسییەکەدا نییە و ئەگەر ئەم پەراوێزخستنەش بەردەوام بێت، ئەوا پرۆسە سیاسییەکە بە یەکجاری کۆتایی پێدێت، ئەو کاتەش چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێمان دەکات.

هەرێمی کوردستان لە ڕێی فڕۆکەخانەکانەوە پێشوازی لە ئاوارەکانی ئەنبار کردو سەرجەم ئەو ئاوارانەی لەخۆ گرت، هەموو ئەمانەش لەسەر حیسابی قووتی خەڵکی کوردستان بوو، ئەمەش چاکەیەکە لە ئەستۆی ئێمە و عەرەبی سوننەیە و قەرزێکە بە گەردنی ئێمەوەو دەبێت چاکەی ئەو هەڵوێستە شەرفمەندانەی کوردستان بە گەل و حکومەتەوە بدەینەوە

لە دوای ٢٠١٤/٦/١٠وە کە هەر شەش پارێزگا سوننەکەی عێراق کەوتنە دەستی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش، سەرجەم ئاوارەکانی ئەو شارانە رووبان کردە هەرێمی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا کە بەغدای پایتەختی عێراق، دەرگا و دەروازەکانی بە ڕووی ئاوارەکانی شاری ئەنبار و پارێزگا سوننەنشینەکانی دیکەدا داخست

حکومەتی مەرکەزی هاوکاری و یارمەتی نەگەیاندۆتە ئەو ئاوارانەی لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون. کە دەبوو لە ڕێی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانەوە هەموو هاوکارییەکی بۆ ئەو ئاوارانە دەستبەر بکردایە

پاوڵ کیوبیچێک

شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

دوای گۆڕانکارییەکانی نێو ئیدارەی تەرەمپ گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران هەڵدەکشێن

پاوڵ کیوبیچێك پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆکلاند، تایبەتمەندی چەند بواریکی گرنگە، وەك سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە تۆژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسەکانی ئەوروپا و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری و رەنگدانەوەکانی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی نێو ئیدارەی ئەمریکا لەسەر سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە لەسەر ئەم ناوچەیە. گفتوگۆکەشمان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

*** هەروەك دەزانن ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرفتاری شەڕ و ئاژاوە و شەڕی ناوخۆییە، بەتایبەتی ئەوەی لە وڵاتی سووریادا بەدی دەکەین، وەك شارەزایەکی کاروباری ئەم ناوچەیە، چ خوێندنەوە و شرۆڤەیەکت هەیە بۆ ئەو رووداوانەی کە لەم ناوچەیەدا رووددەدن؟**

- ئاشکرایە کە ئەو بارودۆخەی لە وڵاتی عێراق و بەتایبەتی لە سووریادا هەیە، بارودۆخێکە کە کاریگەریی زۆر جددی و مەترسیداریان لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهانیش لێدەکەوێتەوە. چونکە دەبینین کە ئەوتا رووسیا و ئێران و عێراق و کورد و تورکیا و ئەمریکا لە شەڕەکەوە تێوەگلاون، هەروەها ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەربەدەر و ئاوارە بوون، بە هەمان شێوە تاوان و کۆمەڵکوژییەکی زۆر کراوە، هەموو ئەمانە مایەی کارەسات و مەینەتین بۆ ناوچەکە و مەترسییەکی جددی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەمە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان هێزە گەورەکاندا.

*** کەواتە ئێوە پێتانوایە ئەگەر چارەسەری دۆخەکە نەکرێت و ئەگەر هەلومەرجەکە هێور نەکرێتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بارگرژی و پەرەسەندنەکان بە چەشنێك هەڵکشێن کە ببنەهۆی ئەوەی شەڕ و ناکۆکی ناوچەیی و جیهانیشی لێبکەوێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە مەترسییەکی جددی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە دەستێوەردانی رووسیا و ئێران و تورکیا لە دۆخی سووریا لەبەرچاو بگرین، کە پێدەچێت هەوڵی ئەوە بدەن کە وڵاتەکە دابەش بکەن، بۆ ناوچەی دەسترۆیشتوویی خۆیان، کە ئەمەش مەترسی دەخوڵقێنێت، بەتایبەتی ئەگەر سوپای رووسیا بیەوێت بەر بە سوپای تورکیا بگرێت، یاخود ئەگەر سوپای ئێران بیەوێت ڕێگری لە سوپای تورکیا بکات، لە لایەکی دیکەوە کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی هەیە کە لە تووندوتیژییەوە تێوەگلاون و دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن. کەواتە ئێستا هەلومەرجێکی ناسەقامگیر و مەترسیدار باڵی کێشاوە بەسەر ئەو وڵاتەدا و مەترسیی جددی هەیە کە ناکۆکی لە نێوان رووسیا و تورکیا، هەروەها ئەمریکا و تورکیاشدا دروست بێت.

*** باشە ئێوە باسی ئەوتان کرد کە ئەو وڵاتە دەرکییانەی دەستێوەردانیان لە سووریادا کردووە، هەوڵی دروستکردنی ناوچەی دەسترۆیشتوویی دەدەن لەو وڵاتەدا، ئایا ئەمە ئەگەری دابەشبوونی سووریاش بۆ چەند وڵاتێکی بچووك لەخۆناگرێت، بەتایبەتی کە شارەزایان دەڵێن گەرانەوەی سووریا بۆ دۆخی پێش شەڕی ناوخۆیی لە مەحاڵەوە نزیکە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە دروستکردنەوەی سووریایەکی یەکگرتوو کارێکی بێ ئەندازە زەحمەتە، چونکە لە ئێستادا حکومەتی سووریا و کوردی ئەو وڵاتە و تورکیاش هەوڵی ئەوە دەدەن ناوچەی دەسترۆیشتوویی تایبەت بە خۆیان لەو وڵاتەدا دروست بکەن. بەڵام ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە وڵاتەکە دابەش دەبێت لە ڕووی سیاسییەوە؟ من پێموایە ئەمە ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی کەسانێکی زۆر هەن کە نایانەوێت سنوورەکان بگۆڕێن و دووبارە دابڕێژدرێنەوە کە بەشێکی بەرهەڵستیکردنی گۆڕینی سنوورەکانی لە نیگەرانی پەیوەست بە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە- لە سووریا بێت، یان لە عێراق- سەرچاوە دەگرێت. لەبەر ئەوە ئەگەری زیاتر ئەوەیە کە دۆخێکی هاوشێوەی بۆسنیا دروست بێت کە هەر ناوچەیەك خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بن، بەڵام لە ڕووی فەرمییەوە سەر بە دەسەڵاتی ناوەند بن.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی دۆنالد ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

ئەگەر ئێمە لە رۆژی رووسیا و ئێران و تورکیا لە سووریادا بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەمریکا رۆڵێکی لاوەکی لەو وڵاتەدا هەیە

ڕەوانەکردنی هێزی گەورەی سەربازیی ئەمریکا بۆ ناوچەکە یەکێک لە ئەولەوییەتەکان نییە

پێشبینی داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە ناکەم، بەڵام ڕێی تێدەچێت کە ئەمریکا پشتیوانی لە ئەنجامدانی کردەوەی نهێنی بکات لە نێو ئێراندا بۆ ناسەقامگیرکردنی ڕژێمەکە و گرتنەبەری کرداری لەو شێوەیە

ئەمریکا پشتیوانی زیاتری سعودیە دەکات لە هەوڵەکانی لە یەمەن و لە ناوچەکەدا بە گشتی بۆ گۆشەگیرکردن و لاوازکردنی ئێران

بەگشتی و لە ئاست سووریادا بەتایبەتی، بەتایبەتی کە ئەو رایگەیاندووە کە دەیەوێت لە سووریا بکشێتەوە؟

- ئاشکرایە ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت دەستتێوەردانێکی کەمتری هەبێت لە کاروباری ناوچەکە و ئەوەش ڕوونە کە ئەولەویەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا شەڕی دژ بە داعش بووە، کەواتە هەر کاتێک ئەم ڕێکخراوە بە ئاست و ئەندازەیەکی گەورە تێکشکێندرا، ئەوا پێمواننیە ئیدارەی ئەمریکا فشار دروست بکات بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی، یاخود چارەسەرێکی لەم چەشنە بسەپێنێت لە سووریادا، واتە بە گشتی پێموایە ئیدارەی ترەمپ پتر لەم ناوچەیە دوور دەکەوێتەوە.

*** باشە کاریگەری و ئاکامەکانی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی نێو ئیدارەی ئەمریکا چی دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و ئایا ڕەنگدانەوەکانی چی دەبێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- پێموایە گەورەترین گۆڕانکاری کە بەدی بێت لە مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا دەبێت، کە ئێمە دەزانین ئێران نیگەرانییەکی گەورە بووە بۆ ئیدارەی ترەمپ. لەم ڕوانگەیەوە من پێشبینی ڕوودانی گرژی و ئاڵۆزیی زیاتر دەکەم لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا و ڕەنگە ئەمە گرتنەبەری جۆرێک لە کردەوەی سەربازیش لە دژی ئێران لەخۆ بگرێت، ئیدی لە دژی وەکیلەکانی ئێران بێت لە یەمەن، یان سووریا، یاخود عێراق و تەنانەت لە نێو ئێرانیشدا، هەرچەندە ناتوانین بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکلابکەینەوە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم گۆڕانکارییانەی نێو ئیدارەی ئەمریکا دەبێتەهۆی بەرپەرچدانەوەی زیاتری نەیارەکانی ئەمریکا و دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا؟**

- ئەمە ڕاستە.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین ئەمریکا سیاسەتێکی تووندتر لە ئاست وڵاتێکی وەک ئێراندا دەگرێتەبەر- هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتردا ئاماژەتان پێکرد- و بوار بە وڵاتێکی وەک سعودیەش دەدات، یاخود پاڵپشتی دەکات بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی چالاکتر و گەورەتری لە ناوچەکەدا هەبێت؟**

- ئاشکرایە کە ئێستا پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ئەمریکا و سعودیەدا هەیە و لەو باوەڕەدام کە ئەمریکا پشتیوانی زیاتری سعودیە دەکات لە هەوڵەکانی لە یەمەن و لە ناوچەکەدا بە گشتی بۆ گۆشەگیرکردن و لاوازکردنی ئێران.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین لە ئێستادا چارەنووسی ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییە کە لەگەڵ ئێراندا واژوو کراوە، لە بەردەم مەترسیدایە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی سەرسەختانەی مایک پەمپیۆ-وەزیری نوێ دەرەوەی ئەمریکا- و جۆن بۆڵتۆن- ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا- لە ئاست ئێران و لە پەیوەندی بەو ڕێککەوتنەوە؟**

- پێموایە ئەوە بە تەواوەتی ڕاستە، چونکە ترەمپ کەسانێکی لەخۆی کۆکردۆتەوە کە بە تۆندی لەسەر هەندێ پرس و مەسەلە قسەدەکەن و پتر پشتیوانی سعودیە و ئیسرائیلن، هەروەها باوەڕیان بەوەیە کە پێویستە فشاری زیاتر بخرێتەسەر ئێران لە نێویاندا ئەنجامدانی جۆرێک لە کردەوەی سەربازی- ئەگەرچی ڕەنگە من لەگەڵ ئەمەیاندا هاوڕا نەبم-.

*** کەواتە ئەگەر هەوڵەکان بەو ئاراستەیەدا چڕکرانەوە کە دووبارە گفتوگۆ لەسەر ڕێککەوتنەکە بکرێت، یاخود ئەگەری ئەمریکا تاکلایەنە بڕیاری دا کە ئێران پابەند نەبووە بە ڕێککەوتنەکەوە، ئایا ئەمە چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- من پێموایە هەنگاوێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی گۆشەگیرکردنی خودی ئەمریکا، چونکە ئەمریکا تەنیا وڵات دەبێت کە ئەم هەنگاوە بنێت، هەروەها پێموایە لەسەر ئاستی پڕوپاگەندە ئەمە دەبێتە گەورەترین سەرکەوتن بۆ ئێران، چونکە هەنگاوێک لەم چەشنە ئەوە بۆ جیهان دەخاتەڕوو کە ناتوانرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت. هەروەها ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی پەیوەندیدار بە کۆڕیای باکووریش، هەروەها دەبێتەهۆی دروستکردنی درزێک لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپا لەم ڕووەوە. لەلایەکی دیکەوە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگە و هەڵوێستی کەسە سەرسەختەکانی نێو ئێران کە هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە نابێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت.

*** باشە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە**

ئیدارەی ئەمریکا کار بە ئاراستەی گۆڕینی رژێمی ئێراندا بکات، بەڵەبەرچاوگرتنی ئەوە راستییەی کە راوێژکاری نوێی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پێشتر پشتیوانی لە گرتنەبەری سیاسەتێکی لەم چەشنە دەکرد؟

- من نازانم ئەوە بە چ شێوەیەکی رووەدات و پێشبینی داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە ناکەم، بەڵام رێی تێدەچێت کە ئەمریکا پشتیوانی لە ئەنجامدانی کردەوەی نهێنی بکات لە نێو ئێراندا بۆ ناسەقامگیرکردنی رژێمەکە و گرتنەبەری کرداری لەو شێوەیە. واتە راستە جۆن بۆڵتۆن و دۆنالد ترەمپ خیتابی تۆندیان هەیە لە ئاست ئێراندا، بەڵام پێموانییە ئەم گوتارە تونده بگۆڕێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی سەربازی لە دژی ئێران، واتە باوەڕم وانییە کە ئەمە سیناریۆیەك بێت کە زۆر ڕێی تێبچێت.

*** ئەگەر باسی شەڕی دژ بە تیرۆر و بەتایبەتی دژ بە داعش بکەین لەم ناوچەیەدا کە ئەمریکا بە ئەولەوییەتی سەرەکی دەزانێت، ئایا پێتوانییە کشانەوەی ئەمریکا لە دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕەوە و پابەندنەبوونی ئەمریکا بە بنیادنانی ئاشتی و سەقامگیرییەوە بە مانای بردنەوەی شەڕ و دۆڕاندنی ئاشتی دێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو مەترسییە هەیە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ئەمریکا لە عێراقدا- کە کات و کۆششێکی زۆری لەم وڵاتەدا خستەگەڕ-، هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئاڵۆزییەکانی دۆخی سووریا، کە ڕووسیا و ئێران لەو وڵاتەوە تێوەگلاون، ئەوا پێموانییە ئیدارەی ترەمپ- کە ئاراستەیەکی گۆشەگیرانەی هەیە- خواستێکی جددی هەبێت بۆ پابەندبوون بە بنیادنانی نەتەوەوە لەم ناوچەیەدا. راستە ئەمە مەترسی ئەوە لە خۆدەگرێت کە بۆشاییە دروست بێت و گرووپە تۆندڕەوەکان سوود لەم بۆشاییە وەربگرن- بەتایبەتی لە حاڵەتی بوونی دەوڵەتی لاوازدا-. بەڵام پێموانییە ترەمپ لەسەر ئاستی ستراتیژی ئەمە لەبەرچاو بگرێت، واتە ترەمپ دەیەوێت شەڕەکە کۆتایی پێبهێنێت و بوار بدات بە وڵاتانی دیکە بۆ ئەوەی کاروبارەکان ڕێکبخەنەوە.

*** بەڵام ئایا ئەگەر جارێکی دیکە ڕوشە ئەمنییەکە بە شێوەیەکی خێرا و دراماتیکی داڕووخا، ئەمریکا ناچار نابێت جارێکی دیکە دەستتێوەردانی سەربازی بکاتەوە؟**

- ئەمە بەندە بەوەی ڕووسیا چی دەکات و ئەمە پەیوەستە بەوەی کە ئێران چی دەکات، بە هەمان شێوە ئەوەی تورکیا دەیکات. هەروەها ئەمریکا مەیلی ئەوەی نییە کە دەستتێوەردان بکات- کە ئەمە لە سەردەمی ئۆباماشدا هەر بەم شێوەیە بوو- ، بە هەمان شێوە ڕای گشتی ئەمریکاش لەگەڵ ئەوەدا نییە کە وڵاتەکەیان دەستتێوەردانێکی بەربڵاو بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم ڕوانگەیەوە من پێموانییە ئەگەری ئەوە لەئارادا بێت کە ئەمریکا دەستتێوەردانێکی گەورەی سەربازی بکات لە ناوچەکەدا. ڕاستە ئێستا ئەمریکا هێزێکی لە سووریادا هەیە، بەڵام ژمارەی ئەو هێزە دوو هەزار سەربازە کە بواری بەراوردکردنی نییە بە ژمارەی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراقدا – لە ساڵی ۲۰۰۳دا-، کەواتە ڕەوانەکردنی هێزی گەورەی سەربازیی ئەمریکا بۆ ناوچەکە یەکێك لە ئەولەوییەتەکان نییە.

*** باشە ئەی پێتوایە ڕووسیا بتوانێت، یان بیەوێت وەك هێزێکی هەژمونگەرا جێی ئەمریکا بگرێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- نەخێر، چونکە ڕووسیا هێزێکی سنووردارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕاستە بنکەی هەیە لە سووریادا و دەکرێت پەرە بە دەسترۆیشتوویی خۆی بدات لەو وڵاتەدا – کە وڵاتێکی لێکترازاوە-، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە مەیل و توانای ئەوەی هەبێت دەسترۆیشتوویی خۆی درێژ بکاتەوە، بۆ نموونە لە ناوچەی کەنداو بە چەشنێك کە جێی ئەمریکا بگرێتەوە.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سووریا ڕۆڵ و دەسترۆیشتویی ڕووسیا لەو وڵاتەدا نادیدە بگیرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆ سووریا ڕاستە، چونکە لەم ساتەوەختەدا ڕووسیا گرنگترین کاراکتەری نێودەوڵەتییە لە سووریا، هەروەها ئەگەر ئێمە لە ڕۆڵی ڕووسیا و ئێران و تورکیا لە سووریادا بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەمریکا ڕۆڵێکی لاوەکی لەو وڵاتەدا هەیە. کەواتە ڕووسیا ڕۆڵێکی جددی هەیە لە سووریادا، بەڵام پێموانییە ڕۆڵێکی لەم چەشنەی هەبێت لە عێراق، یان سعودیە، یاخود لە لوبنان، واتە ڕووسیا پتر هەوڵەکانی لە سووریادا چڕکردۆتەوە- ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکی تەقلیدی و ستراتیژی-.

تەرەمپ کەسانێکی لەخۆی کۆکردۆتەوە کە بە تۆندی لەسەر هەندێ پرس و مەسەلە قسەدەکەن و پتر پشتیوانی سعودیە و ئیسرائیلن، هەروەها باوەڕیان بەوەیە کە پێویستە فشاری زیاتر بخرێتەسەر ئێران

حکومەتی سووریا و کوردی ئەو وڵاتە و تورکیاش هەوڵی ئەوە دەدەن ناوچەی دەسترۆیشتوویی تایبەت بە خۆیان لەو وڵاتەدا دروست بکەن

تره‌مپ ده‌یه‌وێت سووریا بکاته ئه‌فغانستان بۆ رووسیا و هاوپه‌یمانه‌کانی

TUR
LEBANON

هەفتەی رابردوو دۆنالْد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بە لێدوانێکی دیکەی سەبارەت بە کشانەوەی بەپەلەی ئەمریکا لە سوریا لە نزیکترین کاتدا، سەرنجی جیهان و تەواوی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی بۆ لای خۆی راکێشایەوە.

بێگومان قسەکردن لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا وەک مەزندە و لێدوانی چاودێران و پسپۆڕان و دیپلۆماتکاران تازە نییە، زیاتر لە ساڵێکە باس لەوە دەکرێت ئەمریکا هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە باشترە، بەڵام بوونی ئەم مەزندە و قسانە بە سیاسەتی فەرمیی حکومەتی ئەمریکا لەسەر زاری سەرۆک ترەمپەوە، ئەمەیان شتێکی تازەیە و ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ سەرەتای پیادەکردنی سیاسەتێکی تازەی دەرەوە لە بەهاری ئەمسالْەوە، ئەو سیاسەتە تازەیەش کە لەگەڵ دەستبەکاربوونی مایک پۆمپیۆ دەست پێدەکات، بە تەواوەتی کۆتاییهاتنە بە شێوازی ئەو سیاسەتەی دەرەوە کە لە ماوەی هەشت ساڵی هەر دوو ئیدارەی باراک ئۆباما و لە ماوەی ١٤ مانگی (ریکس تیلرسۆن)دا دریژەی پێدراوە.

ساڵی پار هەر لە مانگی نیساندا، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە رژێمی ئەسەد لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی گەلەکەی، بە فەرمانی راستەوخۆی ترەمپ بە نزیکەی ٣٠-٤٠ رۆکێت هێرش کرایە سەر بنکەی ئاسمانیی شوعیرات، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لەو فڕۆکەخانەیەوە، فڕۆکەکان هەستاون و (خان شەیخون)یان بە چەکی کیمیایی بۆمباران کردووە. ئەم بڕیارەی ترەمپ بە لێدانی رژێمی ئەسەد، چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا، هەر ساڵی پار گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە سووریا و رۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست بکات، بەڵام سەرقاڵیی ترەمپ بە کێشە ناوخۆییەکانی ئەمریکا و سووربوونی وەزارەتی دەرەوە و ستافی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە لەسەر دڕێژەدان بە سیاسەتی دەرەوەی پێشووی سەردەمی ئیدارەی ئۆباما، بووە هۆکاری ئەوەی لە ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتی ترەمپدا، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سیاسەتی دەرەوەو هەروەها لە هاتنە دەرەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنی ئەتۆمی (٥+١) لەگەڵ ئێران، روونەدات.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی لەماوەی دووساڵی رابردووی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان ئامادە دەکرێن، ئاماژەیەکی راشکاوانە بەوە کراوە، لەدوای ئەوەی رووسیا لە ساڵی ٢٠١٥ و بۆ بەرژەوەندیی مانەوەی رژێمی ئەسەد دەستتێوەردانی کرد، ئیدی نەک تەنیا بوونی ئەمریکا، بەڵکو رۆژئاواش بەشێوەیەکی گشتی لەناو هاوکێشەی شەڕی سووریادا رۆڵیان بووە بە لاوەکی و ناتوانن هیچ کاریگەریەکیان هەبێت، لەمەش زیاتر بارودۆخی سووریا بە جۆرێک ئاڵۆز بووە کە لەلایەک ناتوانرێت لەگەڵ مانەوەی رژێمی ئەسەد سەقامگیری و ئاشتی بۆ ئەو ولاتە بگێڕێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بە رۆیشتنی رژێمی ئەسەدیش ناتوانرێت لەگەڵ گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بگەنە رێککەوتنێکی ئەوتۆ کە بتوانرێت ئایندەیەکی باش بۆ سووریا دابین بکرێت، ئەمانە هەمووی لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە زیادبوونی نفووزی ئێرانی لەناو سووریا و تەراتێنی حزبوللای لوبنانی لە نێوان سووریا و لوبنان، بۆتە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەکی زۆر باش بۆ ئێران و حزبوللای لوبنانی دروست بێت، کە لەلایەک لەژێر سایەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان خۆیان وەک پاڵەوانی شەڕی دژی داعش پیشان بدەن و لەلایەکی دیکەش سووریا بکەنە شەڕێکی ئیستنزافی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەو وڵاتەدا.

سەبارەت بە رووسیاش کە ئێستا رۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد دەگێڕێت، هەتا ئێستا بە هۆی بوونی هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان و ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش، خەرجییەکی کەمی لە شەڕەکە بەرکەوتووە و لە هەمانکاتیشدا خۆی بە خاوەنی گۆڕەپانی شەڕی سووریا دەزانێت و لەسەر ئاستی سیاسیش لەمیانەی کۆنگرەکانی سوچی و ئەستانە بۆتە چاودێری پرۆسەی سیاسی و ئەمریکا و رۆژئاوا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان نییە.

کەواتە وەک سەرۆک ترەمپ لە لێدوانەکەیدا راشکاوانە رایگەیاند، لە ماوەی ساڵانی رابردوو چەندین ترلیۆن دۆلاریان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست خەرج کردووە، لەئاکامیشدا هیچیان بەدەست نەهێناوە، ئەمە مانای ئەوەیە هەموو هەوڵەکانی ئەمریکا لە کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریا بەتایبەتی بێ ئاکام بووە و ئێستا پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕانکاری هەیە.

بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان و دیپلۆماتکارانی

ئەگەر پەیدە لەناو ئەم بارودۆخەی ئێستا بەشێوەیەک لە شێوەکان سیاسەتی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیی رۆژئاوای کوردستان بگونجێنێت، جیا لەوەی سوودێکی زۆری بۆ خۆی دەبێت، لەوانەیە ببێتە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی پەکەکە بەخۆیدا بچێتەوە و رەچاوی تایبەتمەندیی پارچەکانی کوردستان بەگشتی و تایبەتمەندیی باکووری کوردستانیش بکات

کارتی کورد لە سووریا، کارتێکی سووتاو نییە، یان کارتێک نییە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا گۆڕانکاری زۆر خراپی بەسەردا بێت، بەڵکو ئەوەی سەنگ و پێگەی کورد لەناو هاوکێشەی سووریا دیاری دەکات، خودی ئەو هێزەیە کە ئێستا لەرۆژئاوای کوردستان بوونی هەیە

پەیدە دەبێت بزانێت چۆن لەم بارودۆخە هەستیارەدا سۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لە سووریا رادەکێشێت و چۆن خۆی لە پاشکۆیەتی پەکەکە دێنێتە دەرەوە

چاودێری بارودۆخی سووریا، هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیری و ئاژاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لەسووریا و عێراق بەتایبەتی، مەسەلەکە سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش نییە، بەڵکو سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە مەزهەبگەراییە تونديەی کە بە پشتگیری ئێران لە دیمەشق و بەغداوە لە ساڵانی رابردوو پیادە کراوە، کە هەر ئەو سیاسەتەش ئیدارەی ئۆبامای ناچار کرد لە کۆتایی ٢٠١١ هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە.

لە خوێندنەوەی بندێڕی ئەم بۆچوونانەی پسپۆڕان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئەوانەی پشتگیری مانەوەی رژێمی ئەسەد دەکەن، بەتایبەتی (رووسیا و ئێران)، ئەم ئامانجەیان بۆ هاتۆتەدی و رژێمی ئەسەد لە دەسەڵات ماوەتەوە و بە پشتیوانی هاوپەیمانانی رۆژئاوا و ئەمریکاش هەم خەلافەتەکەی داعش لە ڕەقە رووخێنراوە و هەمیش ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بە ئاستێك لاواز بووە کە رژێمی ئەسەد بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت لێیان بدات، یان ناوچەکانیان لێ بسەنێتەوە، ئەمەش وەك سەرکەوتنی رژێمی ئەسەد و رووسیا و ئێران لە قەڵەم دراوە و هەر ئەوانیش خۆیان بە خاوەنی ئەو دەسکەوتە دەزانن.

ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بکرێتەوە و ئێران و رووسیا لەسەر حیسابی پشتیوانیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئەمریکا نەبنە خاوەنی ئەو دەستکەوتە و درێژە بە هەڕەشەکانیان بدەن بۆ زیاتر دروستکردنی ئاژاوە و ناسەقامگیری لە سووریا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە لۆژیکی پشت کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا ئەوەیە، مادام فاکتەری سەرەکی دروستبوونی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، پیادەکردنی سیاسەتی تونڈی مەزهەبگەرایی شیعەیە لەلایەن دیمەشق و بەغداوە بە پشتیوانی ئێران و رووسیا، ئەوا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە فەرمی و نەمانی چەتری ئاسمانی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە، جارێکی دیکە عەرەبی سوننە بە شێوازێکی دیکە خۆیان رێکدەخنەوە و سیاسەتی مەزهەبگەرایی دیمەشق و بەغدا بە ئاسانی قبووڵ ناکەن، لە ئاکامیشدا شەڕێکی جیهادی (ئەوجا لەژێر هەر ناوێکدا بێت)، دژی رژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی لە سووریا و هەروەها دژی دەسەڵاتدارانی شیعە لە عێراقدا سەرهەڵدەداتەوە، لەم حاڵەتەشدا کە رووسیا و ئێران بە تەواوەتی لە شەڕی سووریا گلاون و راستەوخۆ بوونەتە بەشێك لە شەڕەکە، ئەمجارەیان بەبێ پشتیوانیی چەتری ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، دەبێت خۆیان شان بدەنە ژێر ئەو بارە قورسە و تێچووی شەڕەکە لەسەر ئاستی ماددی و مرۆیی لە ئەستۆ بگرن.

لە ئێستادا کە سیستمی جیهانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە پاشاگەردانی و بوونی نەماوە، زۆر لە دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهانیش لەگەڵ ئاراستەی سیاسەتی رووسیای سەردەمی پۆتین یەك دەگرێتەوە و لەناو هاوپەیمانییەکدا پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، کە لەوانەیە هەندێك لەو دەوڵەتانە بۆ نموونە (تورکیا) ئەندامی ناتۆش بێت و لەگەڵ رووسیاشدا لە هاوپەیمانییەکدا پێکەوە بن.

بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، هەڵوێستی تورکیاش لەناو سووریا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکارییەش بەشێك لە دەوڵەتانی عەرەبی وەك قەتەریش دەگرێتەوە کە بۆچوونیان سەبارەت بە ئایندەی سووریا و پشتگیریکردنیان لە عەرەبی سوننەی سووریا هاوشێوەیە. هەر بۆیە کاتێك عەرەبی سوننەی سووریا و عێراقیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لەدژی هەردوو رژێمی دیمەشق و بەغدا خۆیان رێکدەخەنەوە و ناچار دەبن پەنا بۆ شەڕی چەکداری ببەن، ئەگەر هۆکاری سەرەکیی دووبارە پەنابردنی عەرەبی سوننە بۆ شەڕ، کاردانەوەی ئەو سیاسەتە مەزهەبگەراییە شیعەیە بێت کە بە پشتگیری ئێران لە عێراق و سووریا دژی عەرەبی سوننە پیادە دەکرێت، ئەوا ئەمجارەیان هەڵوێستی تورکیا و قەتەر و لەوانەیە دەوڵەتانی دیکەی کەنداو و سعودیە و میسریش وەك هەڵوێستی پێشوویان نەبێت، بەرامبەر بە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و وەك موجاهید مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، نەك وەك تیرۆریست.

● زۆنگاوی سووریا و دووبارەبوونەوەی ئەفغانستانێکی دیکە بۆ رووسیا

هۆکاری سەرەکی بۆ سەرکەوتنی رووسیا لە شەڕی سووریادا، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو میلیشیا شیعەیانەی کە لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دروستکراون و لەلایەن میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانییەوە مەشق و راهێنانیان پێکراوە و بۆ شەڕی غەیرەدەوڵەتی ئامادە کراون، ئەوجا

ئێران و سووریا بێجگە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هیچ بایەخێك بە بوونی کورد لە رۆژئاوا نادەن و سەرەنجامیش ئامانجیان ئەوە دەبێت کە کانتۆنەکانی رۆژئاوا داگیربکەنەوە و قەوارەیەك بەناو کوردەوە بوونی نەمێنێت

ئەگەر پەیەدە هەر درێژە بە سیاسەتی ئیستایان بدەن و لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای کوردستان سیاسەت نەکەن و خۆیان هەروەک پاشکۆی پەکەکە پیشان بدەن و ببنە کارتی گوشار بەدەستی ئێران و سووریاوە، ئەوا رۆژئاواش گوشارەکانی کاریگەری نابێت و داشی تورکیا لە هاوکێشەکەدا سوار دەبێت

بەهەمان میتۆدی ئێران کە میلیشیای وەکیلی دروستکردووە و لەو دیو سنوورەکانی خۆیەوە شەڕێکی بەربڵاو بەڕێوە دەبات، ئەمریکاش میلیشیای وەکیلی خۆی لە عەرەبی سوننە لە قۆناخی یەکەمدا لە سووریا بەناوی موجاهیدانەوە دروست دەکات و لەوانەیە بە ئاشکراش پشتیگیرییان بکات

رووسیا ناچار دەبێت بۆ پارێزگاریکردنی لە بەرژەوەندییەکانی لەسووریادا، لەگەڵ تورکیا لاپەڕەیەکی تازە بکاتەوە، ئەم لاپەڕە تازەیەش، لەلایەک دەبێتە هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی نفووزی ئێران لە سووریا، لەلایەکی دیکەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئێرانیش بۆ پارێزگاریکردن لە نفووز و دەسترۆیشتوویی خۆی لەسووریادا، خەرجییەکی زیاتر بۆ شەڕی میلیشیا وەکیلەکانی تەرخان بکات، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ناوخۆی ئێران دەبێت

رووسیا بەرژەوەندییەکی گەورەی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، حزبوڵا و میلیشیا شیعەکانی وەکیلی سوپای پاسدارانیش بە حیساب خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل دەزانن و وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئامانجیان ئەوەیە ئیسرائیل لەسەر نەخشەی سیاسی بسڕنەوە، بۆیە کاتێک پۆتین و نەتانیاهۆ لەیەک بازنەدا یەکدەگرنەوە، ئەوا دەبێت ئێرانیش وەک هاوپەیمانی رووسیا لە سووریادا چاوێک بە رەفتاری میلیشیا وەکیلەکانیدا بخشێنێتەوە

بوونی ئەو میلیشیا وەکیلانەی ئێران بە حزبوڵای لوبنانیشەوە لەناو شەڕی سووریا و دروستکردنی چەترێکی ئاسمانی لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش، بەرەی شەڕەکەی بە ئاستێك بۆ رووسیا بچووك کردبۆوە کە بە ئاسانی بتوانێت ئەو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنانەی لە دیمەشق نزیك بوونەوە، سەرکوت بکات.

لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەلایەك ئامانج و بەرژەوەندییەکانی رووسیا و ئێران لەناو سووریادا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی تورکیاش لەگەڵ هەریەکە لە ئێران و رووسیا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، سەبارەت بە هەڵوێستی رووسیا بەرامبەر ئێران و میلیشیا وەکیلەکانی، دیارە رووسیا بەرژەوەندییەکی گەورەی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، حزبوڵا و میلیشیا شیعەکانی وەکیلی سوپای پاسدارانیش بە حیساب خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل دەزانن و وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئامانجیان ئەوەیە ئیسرائیل لەسەر نەخشەی سیاسی بسڕنەوە، بۆیە کاتێك پۆتین و نەتانیاهۆ لەیەك بازنەدا یەکدەگرنەوە، ئەوا دەبێت ئێرانیش وەك هاوپەیمانی رووسیا لە سووریادا چاوێك بە رەفتاری میلیشیا وەکیلەکانیدا بخشێنێتەوە، سەبارەت هەڵوێستی تورکیاش بەرامبەر بە رووسیا و ئێران، دیارە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و خۆڕێکخستنەوەی عەرەبی سوننەی دژی رژێمی دیمەشق، ئەوا تورکیا دەبێتە خاوەنی هێزێکی زەمینیی کاریگەر لەناو سووریا و دەتوانێت هاوکێشەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت و بە ئاشکرا پشتگیری ئەو هێزەی عەرەبی سوننە دەکات، بۆ ئەوەی سنووریك بۆ نفووز و دەسترۆیشتوویی ئێران لە سووریا و عێراق دابنێت، لەم حاڵەتەشدا رووسیا ناچار دەبێت بۆ پارێزگاریکردنی لە بەرژەوەندییەکانی لەسووریادا، لەگەڵ تورکیا لاپەڕەیەکی تازە بکاتەوە، ئەم لاپەڕە تازەیەش، لەلایەك دەبێتە هەوڵێك بۆ سنووردارکردنی نفووزی ئێران لە سووریا، لەلایەکی دیکەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئێرانیش بۆ پارێزگاریکردن لە نفووز و دەسترۆیشتوویی خۆی لەسووریادا، خەرجییەکی زیاتر بۆ شەڕی میلیشیا وەکیلەکانی تەرخان بکات، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ناوخۆی ئێران دەبێت.

رووسیا ئەزموونی تاڵی داگیرکردنی ئەفغانستانی لە هەشتاکانی سەدەی رابردووی لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە هەیە و دەزانێت خۆتێوەگلاندن لەشەڕی پارتیزانی موجاهیدەکانی ئەفغانستان چ باج و قوربانییەکی دەوێت و سەرەنجامیش چۆن لە ئەفغانستان بە دۆڕاندنی سۆڤیەت کۆتایی هات، ئەوا ئەگەر خۆی لە شەڕی ناوخۆی سووریاشەوە بگلێنێت، سەرەنجام هەر دەبێت دوای دانی باجێکی قورس سووریا بە جێ بهێڵێت، ئەمریکاش کە میانەی گۆڕانکارییەکانی لە سیاسەتی دەرەوەی بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تەواوەتی رەچاوی پێشنیار و راسپاردەکانی هاوپەیمانە نزیکەکانی خۆی بەتایبەتی (سعودیە و ئیسرائیل) ی کردووە، کاتێك بڕیاری داوە لە سووریا بکشێتەوە، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە بەهەمان میتۆدی ئێران کە میلیشیای وەکیلی دروستکردووە و لەو دیو سنوورەکانی خۆیەوە شەڕێکی بەربڵاو بەڕێوە دەبات، بەهەمان شێوە ئەمریکاش میلیشیای وەکیلی خۆی لە عەرەبی سوننە لە قۆناخی یەکەمدا لە سووریا بەناوی موجاهیدانەوە دروست دەکات و لەوانەیە بە ئاشکراش پشتیگیریان بکات، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەیە کە شەڕی کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی پێویستی بەوەیە هێزی غەیرەدەوڵەتی بۆ دروست بکرێت.

● کوردی رۆژئاوا
دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا

کێشەی ئێستای رۆژئاوای کوردستان، هێندەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیایە، هێندە لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد نییە، هەر بۆیە ئەگەر پەیەدە شێوازی سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و بە فەرمی خۆی لە پەکەکە جیا بکاتەوە و شێوازی کارکردنی خۆی بگۆڕێت بۆ تایبەتمەندی و هەستیاریی رۆژئاوا لەناو سووریادا و پاشانیش وەك قەوارەیەکی سیاسی وەك دەوڵەتێکی دراوسێ مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکات، ئەوا دەوڵەتانی رۆژئاوا بەتایبەتی فەرەنسا و ئەمریکا، تورکیا دەخەنە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی وتوێژ لەنێوان تورکیا و پەیەدە وەك حزبێکی سیاسیی سووریا دەست پێبکات، بەڵام ئەگەر پەیەدە هەر درێژە بە سیاسەتی ئێستایان بدەن و لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای کوردستان سیاسەت نەکەن و خۆیان هەروەك پاشکۆی پەکەکە پیشان بدەن و ببنە کارتی گوشار بەدەستی

ئێران و سووریاوە، ئەوا رۆژئاواش گوشارەکانی کاریگەری نابێت و داشی تورکیا لە هاوکێشەکەدا سوار دەبێت، پاشانیش ئێران و سووریا بێجگە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هیچ بایەخێك بە بوونی کورد لە رۆژئاوا نادەن و سەرەنجامیش ئامانجیان ئەوە دەبێت کە کانتۆنەکانی رۆژئاوا داگیربکەنەوە و قەوارەیەك بەناو کوردەوە بوونی نەمێنێت.

لە ئێستادا کە ئەمریکا بڕیاریداوە هێزەکانی لە سووریا پاشەکشە پێ بکات، هەموو لایەك دەزانن، کە ئەمریکا هێزی سەربازیی شەڕکەری لە سووریا نییە، بەڵکو ئەو هێزەی ئەمریکا کە لە سووریا بوونیان هەیە، بەشی هەرە زۆریان ئەو راوێژکارە سەربازییانەن کە بۆ راهێنان و مەشق پێکردنی هێزەکانی سووریای دیموکراتی لەوێن، ئەمەش مانای ئەوەیە وەك هێزی زەمینی، هێزی کاریگەر لەسەر زەوی هێزەکانی کوردە لەناو سوپای سووریای دیموکراتیدا، ئەم سوپایەش وەك هێزێکی زەمینی بۆ شەڕی غەیرە نیزامی لەناو سووریا هەموو لایەك پێویستی بەوە هەیە کە هاوپەیمانی لەگەڵدا بکات، فەرەنسا هەر لەسەر ئەم بنەمایە لەگەڵ سەرکردایەتیی ئەم هێزە کۆدەبێتەوە و لە کۆشکی ئەلیزی پێشوازییان لێدەکات کە بەشێك لە سەرکردایەتیی ئەو هێزەی چوونە فەرەنسا، گەریلاکانی پەیەدەن لەناو سوپای سووریای دیموکراتیدا.

لەم چوارچێوەیەدا، کارتی کورد لە سووریا، کارتێکی سووتاو نییە، یان کارتێك نییە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا گۆڕانکاری زۆر خراپی بەسەردا بێت، بەڵکو ئەوەی سەنگ و پێگەی کورد لەناو هاوکێشەی سووریا دیاری دەکات، خودی ئەو هێزەیە کە ئێستا لەرۆژئاوای کوردستان بوونی هەیە، دەبێت بزانێت چۆن لەم بارودۆخە هەستیاردا سۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد لە سووریا رادەکێشێت و چۆن خۆی لە پاشکۆیەتی پەکەکە دێنێتە دەرەوە.

تێڕوانینی کوردانە بۆ رۆژئاوای کوردستان، گرنگە تێڕوانینێکی ئاقڵانە بێت و دووربێت لە هەست و سۆز بۆ لایەنێکی دیاریکراو، کێشەی کورد لە رۆژئاوا بەتایبەتی و لە رۆژئاوا و باکوور بەشێوەیەکی گشتی، پەیوەستە بەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چ لایەنێکی سیاسی نوێنەرایەتی دەکات، پەکەکە وەك لایەنێکی سیاسی لەبەر ئەوەی بە گوشاری تورکیا خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، کاریگەری نەرێنی لەسەر خەباتی رۆژئاوا و باکوور دروست کردووە، بۆیە ئەگەر ئامانجی هەموو لایەنە کوردستانیەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەبێت، دۆزی کورد لە هەر چوارپارچە هەنگاوێك بچێتە پێشەوە، ئەوا دەبێت هەموو لایەك هاریکاری پەکەکە بکەن، پەکەکەش هاریکاری هەموو لایەنە کوردستانییەکان بکات کە لە لیستی تیرۆر بێتە دەرەوە و ببێتە نوینەری راستەقینەی گەلێکی ژێردەستەی بێ دەوڵەت لە باکووری کوردستاندا، بەڵام لە کاتێکدا کە پەکەکە لەبەر هەر هۆکارێك بێت، ناتوانێت بەو شێوەیە سیاسەت بکات کە جیهان ناچار بێت لە لیستی تیرۆر بیهێنێتە دەرەوە، ئەوا گرنگە رێگە بەوە نەدرێت کە رۆژئاوای کوردستانیش کە بارودۆخێکی تایبەتی بۆ هاتۆتە پێشەوە و مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت قەوارەیەکی لۆکاڵی دیکەی کوردیش لە رۆژئاوا بێتە ئاراوە، بە ئاگری پەکەکە بسووتێت و دەوڵەتێکی وەك تورکیا بە ئاشکرا هێرشیان بکاتە سەرو هەموو جیهانیش لەبەرامبەریدا بێدەنگی بنوێنێت.

کەواتە بارودۆخی سووریا چەند گۆڕانکاری بەسەردا بێت، یان ئەمریکا هێزەکانی لەوێ بهێڵێتەوە، یان پاشەکشەیان پێ بکات، بەندە بە شێوازی سیاسەتکردنی پەیەدە لەو ناوچانە و خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان بە شێوەی لۆژیکانەی ئەوتۆ کە بەرژەوەندیی گەلی کورد لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا لەبەرچاو بگرێت، لە سەرووی ئەمانەشەوە گرنگە پەیەدە خۆی وەك پارتێکی ناو دەوڵەتی سووریا پیشانی جیهان بدات و ئاراستەی کارکردنی خۆی تەنیا بۆ رۆژئاوا تەرخان بکات و هەر بەو زمانەش لەگەڵ دەوڵەتانی رژێمی بەشار ئەسەد و دەوڵەتانی دەوربەر و جیهانیش قسە بکات، لەوانەیە ئەگەر پەیەدە لەناو ئەم بارودۆخەی ئێستا بەشێوەیەك لە شێوەکان سیاسەتی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی رۆژئاوای کوردستان بگونجێنێت، جیا لەوەی سوودێکی زۆری بۆ خۆی دەبێت، لەوانەیە ببێتە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی پەکەکە بەخۆیدا بچێتەوە و رەچاوی تایبەتمەندیی پارچەکانی کوردستان بەگشتی و تایبەتمەندیی باکووری کوردستانیش بکات.

لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەلایەک ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و ئێران لەناو سووریادا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی تورکیاش لەگەڵ هەریەکە لە ئێران و ڕووسیا گۆڕانکاری بەسەردا دێت

بوونی ئەو میلیشیا وەکیلانەی ئێران بە حزبوڵای لوبنانیشەوە لەناو شەڕی سووریا و دروستکردنی چەترێکی ئاسمانی لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش، بەرەی شەڕەکەی بە ئاستێک بۆ ڕووسیا بچووک کردبۆوە کە بە ئاسانی بتوانێت ئەو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنانەی لە دیمەشق نزیک بوونەوە، سەرکوت بکات

بە پێی بۆچوونی پسپۆڕان و دیپلۆماتکارانی چاودێری بارودۆخی سووریا، هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیری و ئاژاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لەسووریا و عێراق بەتایبەتی، مەسەلەکە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش نییە، بەڵکو سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە مەزهەبگەراییە تونددەیە کە بە پشتگیری ئێران لە دیمەشق و بەغداوە لە ساڵانی ڕابردوو پیادە کراوە

ئاوات محەمەد ئەمین
ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان تاکە ڕێگەی گەڕاندنەوەی ئومێدە بۆ خەڵک

پێویستە خۆمان کۆبکەینەوە و پەیامێکی یەکگرتووی سیاسی و بەهێزمان هەبێت

کەمترین شتێك بوترێت لە بارەی ئەو دۆخەی لە ئێستادا باڵی بەسەر کەرکووکدا کێشاوە، ئەوەیە کە دۆخێکی نائاساییە و پێویستە هەوڵی زۆر جددی بدرێت بۆ هێورکردنەوە و ئاساییکردنەوەی. بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی ئێستای ئەو شارە و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ڕەوشی نەخوازراوی کەرکووك و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئاوات محەمەد ئەمین، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە دۆخێکی شڵەژاوی ئەمنی باڵی بەسەر کەرکووکدا کێشاوە، ئێوە چۆن لە دۆخەکە دەڕوانن؟**

- هەرچەندە من داتایەکی زوونم لا نییە لەسەر ئەو کاروکردەوانەی کە رۆژانە لەناو شاری کەرکووک و تەواوی پارێزگاکە رووەدات لەسەر هەڵکوتانە سەر ماڵان و دزی و رفاندن و کوشتنی خەڵکی سڤیل، بەڵام بە بەردەوامی ئەوانە رووەدەن و زیاتر خەڵکی مەدەنی دەکرێنە ئامانج، بەڵام تا ئێستا وردەکاری و زانیاری و ئاماری پەیوەست بەو کارانە لە بەردەستی ئێمەدا نین، بەڵکو لای دەزگا ئەمنییە پەیوەندیدارەکانن و ئەوانیش بڵاوی ناکەنەوە.

*** لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کەرکووک بەتایبەتی لە پێکهاتەی کورد ئاوارە بوون، ئایا ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هیچ هەوڵێکتان داوە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، یاخود هاوکاریکردنیان لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانەوە؟**

- لە راستیدا چەند جارێک لایەنە پەیوەندیدارەکانمان لە پارێزگار و حکومەتی عێراق و رێکخراوەکان ئاگادار کردووەتەوە کە پێویستە رێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکووک، هەرچەندە حکومەتی عێراق بەردەوام باسی ئەوە دەکات کە ئەو خەڵکە پێویستی نەدەکرد لە ماڵ و گەڕەک و شاری خۆیان دەربچن و ئاوارە بن. هەروەها تا ئێستا کارئاسانییەکیان نەکردووە لەو رووەوە و ئەو مەسەلەیەیان بە جددی وەرنەگرتووە.

*** ئێوە وەکو نوێنەری خەڵکی کەرکووک، پێتانواییە پێشێلکارییەکان بەرامبەر پێکهاتەی کوردی بەردەوامی هەیە، بەتایبەتی لە مەسەلەی تەعریب و دەستکاریکردنی پۆست و پلە و پایەکان؟**

- هەرچەندە لە بنەڕەتدا لەساڵی ٢٠٠٧ەوە لەلایەن خوالێخۆشبوو مام جەلال سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراق پرۆژەیەک هەبوو بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکووک بەپێی ٣٢٪ لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکان و ٤٪ بۆ کریستیانەکان و دواتر لەلایەن لایەنە سیاسییەکان و ئەنجومەنەکەی پارێزگای کەرکووکیشەوە پەسەند کرا، بەو مەرجەی ئەم کارو پرۆسەیە هەموو پلەو پایەکانی فەرمانگەکە بگرێتەوە، واتە لە بەڕێوبەرەوە تا دەگاتە کارگوزارەکان، بەڵام ئێستا ئەوان ئەو پرەنسیپەیان تێکشکاندووە، تەنیا کار لەسەر پۆستە باڵاکان و پۆستەکانی بەڕێوبەر و پلە باڵاکان دەکەن و ئەمە شۆڕنەبۆتەوە بۆ فەرمانبەرەکانی خوارەوە.

شاری کەرکووک پێوەستی بە حەشدی شەعبی نییە، چونکە ئەم شارە ئەوەندە هێزە ئەمنی و پۆلیس و ئاسایشی هەیە کە بتوانن دۆخەکە بپارێزن

عەرەبەکانیش دوچاری ئاوارەیی و دەربەدەری بوونەتەوە و ناوچەکانیان ئاوەدان نەکراوەتەوە، وەک حەویجە و ناحیەکانی عەباسییە و ریاز و رەشاد، کە لە ٧٠٪ی کەڵکی ژیانی نەماوە

هەرگیز ناتوانرێت تاکلایەنانە پاراستنی ئەم ناوچانە زامن بکرێت و حکومەتی عێراقی بە تەنیا ناتوانێت رووبەڕووی ئەو هەموو هەڕەشە و تەحەددییانە ببێتەوە

*** یەکێک لەو پێشێلکارییانەی دیکە هاتنی هێزێکی چەکداری زۆری بیانی و نامۆیە بۆ ناو شاری کەرکووک، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی شارەکە، لەناویاندا حەشدی شەعبی، هەرچەندە حەیدەر عەبادی بە بەردەوامی باس لەوە دەکات کە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەناو شاری کەرکووک کشاونەتەوە؛ پرسیار ئەوەیە ئایا کەی کۆتایی بەم دیاردەی عەسکەرتاریەتە دەهێنرێت کە خۆی لەخۆیدا هۆکارێکە بۆ نائارامی و ناسەقامگیری لە شارەکە؟**

- حەشدی شەعبی و زۆربەی ئەو هێزە چەکدارانەی کە لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هاتنە شارەکە لە بارودۆخێکی تایبەتدا هاتوونەتە کەرکووک، ئەگەرنا شاری کەرکووک پێویستی بە حەشدی شەعبی نییە، چونکە ئەم شارە ئەوەندە هێزی ئەمنی و پۆلیس و ئاسایشی هەیە کە بتوانن دۆخەکە بپارێزن. ئێستاش حەشدی شەعبی بارەگایان هەیە لە ناو شارەکەدا، بەڵام ئەوەی زیاتر دەردەکەون پۆلیسی ئیتیحادی و هێزی دژە تیرۆرە. بەڵام بە هیچ شێوەیەکی هیچ پاساو و پێویستییەک نییە بۆ بوونی حەشدی شەعبی لە ناو شاری کەرکووکدا.

*** ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ناتوانن ئەنجومەنەکە کارا بکەنەوە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی حەشدی شەعبی و ئەو هێزە چەکدارانە بارەگای حزبە کوردستانییەکان چۆڵ بکەن و دۆخەکە ئاسایی بکەنەوە؟**

- بەداخەوە ئێستاکە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کارا نییە و ناتوانێ رێژەی تەواوی ئەندامانی کۆبکاتەوەو کۆبوونەوەیەک ئەنجامبدا و بڕیار بدات، هەربۆیە هەرچی هەوڵێک بۆ ئاسایبوونەوەی دۆخی کەرکووک بدرێت تاک لایەنەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ ئەوەی ئەو بارەگەیانە چۆڵ بکرێن، تەنانەت ئەگەر حزبەکانی نەیەنەوە ناوی. ئەوەی پەیوەندی بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنیشەوە هەبێت، ئەوا دەکرێت لیستی برایەتی رێکبکەون لەسەر ئەوەی کە پێشتر ئەجێندای کۆبوونەوەکە دابڕێژن و دواتر بێنە ناو بارەگای ئەنجومەن. واتە دەکرێت ئەمە رووبدات. بەڵام کێشەکە ئەوەیە بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن لە هەولێرن و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ کەرکووک و بەشێکی لە کەرکووکە و هەندێکیشیان لە دەرەوەی وڵاتن، واتە لیستی ئێمە تووشی پەرتەوازەیی بووە، بەڵام تورکمان و عەرەب وەک خۆیان ماونەتەوە.

*** بەڵام هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەن مافەکانیان لە کەرکووک داگیرکراوە، چۆن دەکرێت زەمانەتی ژیانی ئەو کەسانە بکرێت، کاتێک بگەڕێنەوە و هەوڵی کۆبوونەوە بدەن لە نێو بارەگای ئەنجومەندا؟**

- ئەمە راستە، دەبێت سەرەتا دەستەبەری ئەوە بکرێت کە ژیانی پارێزراو دەبێت و وەک ئەندامێکی ئەنجومەن دەتوانێت بگەڕێتەوە و کار بکات و ئەرکەکانی خۆی راپەڕێنێت.

*** بەڵام چەندین جار وەکو لیستی برایەتی داواکاری و یاداشتنامە بۆ حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندارەکان بەرزکراوەتەوە، ئایا هەموتان کۆکن لەسەر ئەو یاداشتنامەو داواکارییانە؟**

- من و ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کە لە کەرکووکین، هیچ داواکاری و یاداشتنامەیەکمان بۆ حکومەتی عێراق و دادگای فیدراڵی بەرز نەکردۆتەوە.

*** پێشتر لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەدا هێزی هاوبەش هەبوون بۆ ئیدارەدانی مەلەفی ئەمنی، ئایا دەکرێت جارێکی دیکە کار لەسەر ئەم میکانیزمە بکرێتەوە؟**

- لە راستیدا لەرووی دەستوورییەوە گونجاوترین رێگا بۆ چارەسەرکردن و پاراستی کەرکووک و ناوچەکە بریتییە لەوەی ڕەوشی ئەمنی بە شێوەیەکی هاوبەش بەڕێوە ببردرێت. واتە هێزی پێشمەرگەو ئاسایشە کوردییەکان و پۆلیسی فیدراڵی و پۆلیسی ناوخۆ بە هاوکاری حکومەتی فیدراڵی، هەموو ئەم هێزانە پێکەوە دەتوانن ئیدارەیەکی باشی دۆسیێی ئەمنی شارەکە بکەن، بەپێچەوانەوە هەرگیز ناتوانرێت تاکلایەنانە پاراستنی ئەم ناوچانە زامن بکرێت و حکومەتی عێراقی بە تەنیا ناتوانێت رووبەڕووی ئەو هەموو هەڕەشە و تەحەددییانە ببێتەوە.

*** یەکێک لە چارەسەرەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و تەواوی ناوچە**

کوردستانیەکانی تر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورە، ئایا لەم رووەوە چ هەنگاوێك نراوە؟

- وەکو ئاماژەم پێدا سەرەتا دەبێت دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە؛ ئەگەر لەم سات و کاتەدا بەتەمای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری بین، ئەوە بەتەئکید جێبەجێ ناکرێت، هەر بۆیە پێویستە سەرەتا هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان بگەڕێنەوە بارەگاکانیان بدرێتەوە و ئازادی و سەربەستی لە کاری سیاسی لە شاری کەرکووك دەست پێ بکاتەوە و دامودەزگا شەرعییە هەڵبژێردراوەکانی کارا بکرێتەوە. چونکە ئێستا کۆمەڵێ قەیرانی بەپەلە هەن کە رووبەڕووی خەڵکی شارەکە بوونەتەوە و پێویستە بەپەلە چارەسەر بکرێن، وەك کۆبوونەوەی زبڵ وخاشاك و کۆنەکردنەوەیان کە ئەمە مەترسیی تەندروستیشی لێدەکەوێتەوە.

*** باشە ئەگەر عێراق ئامادە نەبێت هێزی هاوبەش لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق و هێزە ئەمنییەکان پێکبهێنرێت و ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ نەکات، ئایا پەنابردنە بەر لایەنی سێیەمی نێودەوڵەتی رێگا چارەسەر نییە؟**

- ئەوەیان ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە؛ دەبێت حکومەتی هەرێم وەك لایەنێکی ناکۆکییەکە — کە لە رووی دەستووری و یاساییەوە لایەنێکی ناکۆکییەکەیە- داوا بکات، ئەگەر ئەم داوایەشی کرد، ئەوا ئێمەش وەك لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك پشتیوانی دەکەین. بەڵام ئێستا ئێمە وەك لیستێك لە نێو ئەنجومەنی پارێزگا، کە ئێستا ئەنجومەنەکە لەکار کەوتووە و ناتوانێت بڕیار بدات، ناتوانین ئەم داواکارییە بکەین، مەبەستم ئەوەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر داوای لیستێکی نێو ئەنجومەن نایەت.

*** لە شارێکدا کە حەشدی شەعبی و ئەو هەموو چەکدارە دۆخێکی عەسکەرتاریەتیان خوڵقاندبێت و ژمارەیەکی زۆری خێزانە کوردەکان ئاوارە بووبن و پارێزگارو زۆربەی ئەندامانی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنەکە ئاوارە بووبن و تەنانەت ماڵ و حاڵیان داگیر کرابێت و زۆربەی بارەگای حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان داگیر کرابێت، ئایا هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام دەدرێت؟**

- لە راستیدا زەمانەت نییە؛ بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە میللەتەکەمان هەمووی ئاوارە نەبووە، هەر بۆیە زۆر خراپ وا لەخەڵك بگەیەنین کە کورد کەرکووکی چۆڵ کردووە، راستە رەنگە نارەزایەتی و پێشێلکاری هەبێت، بەڵام ئەوە ئەرکی ئێمەو لایەنە کوردییەکانە چارەسەری بکەین و کار بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بکەین، راستە رەنگە بەهۆی ئەو دۆخەوە کورد کورسیی کەمتر لەم هەڵبژاردنانەدا بەدەست بهێنێت، بەڵام نابێت بەهیچ جۆرێك لە پرۆسەی سیاسیدا لە کەرکووك داببڕێین، لەلایەکی دیکەوە پێکهاتەکانی دیکە دۆخەکەیان لە ئێمە باشتر نییە. ئەوەتا عەرەبەکانیش دوچاری ئاوارەیی و دەربەدەری بوونەتەوە و ناوچەکانیان ئاوەدان نەکراوەتەوە، وەك حەویجە و ناحیەکانی عەباسییە و ریاز و رەشاد، کە لە ٧٠٪ی کەڵکی ژیانی نەماوە. کەواتە ئەو دۆخەی لە کەرکووك دروست بووە، هەمومان لێی زەرەمەندین، خۆ تورکمانیش لەم شارە نائاسوودەیە، واتە کە دۆخەکە تێکچووە و هەمووان لێی زیانمەند دەبن، چونکە تورکمانیش لە دڵەڕاوکێدا دەژی و نازانێت ئایندەی ئەم شارە بەرەو کوێ دەچێت. کەواتە ئەمە بەرپرسیارێتییەکی بەکۆمەڵە کە هەموومان هەوڵی ئەوە بدەین کە کەرکووك بگەڕێنینەوە سەر سکەی سرووشتیی خۆی، بە بۆچوونی منیش هەڵبژاردنەکان لەم شارەدا بکرێن، باشترە لەوەی کە نەکرێن، بۆ ئەوەی کەرکووك بێبەش نەکرێت لەو ئیستیحقاقە دەستوورییانەی هەیەتی، هەروەها ئێمە جگە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاشمان هەیە، کە زۆر گرنگترە، چونکە ئەم ئەنجومەنە شێوەی ئیدارە و حوکمڕانی و پارێزگار لە شارەکەدا دیاری دەکات. بۆیە پێویستە ئێمە خۆمان کۆبکەینەوە و پەیامێکی یەکگرتووی سیاسی و بەهێزمان هەبێت و ناکۆکییەکانی نێوخۆمان چارەسەر بکەین و تەنیا رێگەی گەڕاندنەوەی ئومێدیش بۆ خەڵك بریتییە لە یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان.

گونجاوترین رێگا بۆ چارەسەرکردن و پاراستی کەرکووک و ناوچەکە بریتییە لەوەی ڕەوشی ئەمنی بە شێوەیەکی هاوبەش بەڕێوە ببردرێت

تورکمانیش لە دڵەڕاوکێدا دەژی و نازانێت ئایندەی ئەم شارە بەرەو کوێ دەچێت

بەرپرسیارێتییەکی بەکۆمەڵە کە هەموومان هەوڵی ئەوە بدەین کەرکووک بگەڕێنینەوە سەر سکەی سرووشتیی خۆی

لینۆری مارتین

پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

پێشبینی دەکرێت سعودیە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ئەو جموجووڵانەی ئێران بدات کە پێیوایە هەنگاوی هەژمونگەران

لینـۆری مارتیـن پرۆفیسـۆر و سـەرۆکی بەشـی زانسـتی سیاسـی و دیراسـاتی نێودەوڵەتییـە لـە کۆلێـژی ئیمانویـڵ، تۆێـژەرە لـە هـەردوو سـەنتەری کاروبـارەی نێودەوڵەتیـی و سـەنتەری دیراسـاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لـە زانکـۆی هارڤارد. بـۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسـەندنەکانی ئـەم ناوچەیـە و ئـاکام و ڕەنگدانەوەکانی گۆڕانکارییەکانی ئیدارەی ئەمریکا لەسـەر جیهـان بەگشـتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتـی و چەنـد پرسـێکی دیکـەی پەیوەندیـدار، گـوڵان دیمانەیەکـی لەگەڵـدا ئەنجامـدا و ئەویـش بـەم شـێوەیەی خـوارەوە وەڵامـی پرسـیارەکانی دایـەوە.

*** چـۆن لـە بارودۆخـی ئێسـتای رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست دەڕوانیت و ئایا لـە ڕوانگـەی خۆتانـەوە بۆچی ناسـەقامگیری و نائارامـی بـەم چەشـنەی ئێستا باڵادەسـتە بەسـەر ئـەم ناوچـە ستراتیژیەتەدا و ئایـا بەربەسـتەکانی بـەردەم بەدیهێنانـی سـەقامگیری لـەم ڕووەوە چیـن؟**

- لـە ڕاسـتیدا کاتێـك شـرۆڤەکاری بـۆ ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکەیـن، ئـەوا دەبێـت لـە سێ ئاسـت بڕوانیـن کـە کارلێکیـان هەیـە لەگـەڵ یەکتـردا، یەکـەم سیسـتمی نێودەوڵەتـی، دووەم: داینامیکیەتـی ناوچەیـی و سێیەمیان: سـەرکردەکان و ئیعتیباراتـی پەیوەسـت بـە سیاسـەتی ناوخۆییـەوە. لەگـەڵ لەبەریـەك هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤیەتدا، ئەمریـکا بـووە کاراکتـەرە نێودەوڵەتییـە باڵادەسـتەکە، ئەمـەش بـواری پێـدا بـۆ ئـەوەی بـە ڕادەیەکـی گـەورە چـالاك بێـت- هەنـدێ کـەس دەڵێـن تـا ئاسـت دوژمنـکاری- لـە چەنـد شـوێنێکی گرنگـی وەك ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست. بـەڵام لـە سـایەی سـەرۆکایەتی بـاراك ئۆبامـا و سـەرۆکی ئێسـتای ئەمریـکا (دۆنالـد ترەمـپ) خواسـتێکی کەمتـر هەیـە بـۆ بڵاوەپێکردن و جێگیرکردنـی هێـزی سـەربازی ئەمریـکا لـەم ناوچەیـەدا. ئەمـەش بـوار و پانتایـی زیاتـری بـۆ کاراکتـەرە نێودەوڵەتییەکانـی دیکـەی وەك ڕووسـیا ڕەخسـاندووە- بەتایبەتـی کاراکتـەرە ئیقلیمییـەکان- بـۆ ئـەوەی سیاسـەتێکی سـەربەخۆ بگرنەبـەر و بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ هەڵسـوکەوت بکـەن. عەرەبسـتانی سـعودیە، ئیمـارات و ئێـران و تورکیـا و قەتـەر چەنـد نموونەیەکـی باشـن لـەم بارەیـەوە. هەروەهـا ئێمـە چەنـد سـەرکردەیەکی گەنجمـان بینیـوە کـە سـوود لـە دووبـارە دارشـتنەوەی هاوسـەنگیی هێـز لـە ناوچەکـەدا وەردەگـرن. ئەمـە زۆر بـە ڕوونـی لـە عەرەبسـتانی سـعودیەدا بـەدی دەکەیـن، کـە تێیـدا شـازادەی جێنشـین تەحـەددی سـەرکردایەتی تەقلیـدی دەکات لـە پەیوەنـدی بـە پرسـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابووریـیەکانـەوە. لـە کۆتاییـدا، ئێمـە پەرەسـەندنی تایفەگەریمـان بینـی لـەم ناوچەیـەدا کـە دەبینیـن کاریگـەری هەیـە لەسـەر ئەگـەرەکانـی دروسـتبوونی هاوپەیمانێتـی و ئاڵۆزترکردنـی جیاوازییـەکان و دروسـتکردنی لێکتـرازان لـە نێـو کۆمەڵگەکانـدا. هەروەهـا گرنگـە ئەوەمـان لـە یـاد بێـت کـە دیموکراسـیەتی لیبڕاڵـی باشـتر مامەڵـە لەگـەڵ بەشـە جیاوازەکانـی کۆمەڵگـەدا دەکات بـە چەشـنێك کـە تێیـدا گۆڕانـکاری لەسـەرخۆ دەبێتەهـۆی هێنانەئـارای سـەقامگیری زیاتـر. بـەڵام ئـەوەی بـەدی دەکەیـن، ئەوەیـە کـە لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا کارکـردن بـۆ بـەرەودان بـە دیموکراسـیەتی لیبڕاڵـی بـواری زیاتـر و ئەگـەری زیاتـر بـۆ ناسـەقامگیری دروسـت دەکات.

*** هـەروەك دەزانـن کـە چەندەهـا گرووپـی ڕادیکاڵـی و تیرۆریسـتی لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هـەن، کـە ئاسـت و ئەندازەیەکـی گـەورەی کوشـتار و کاولـکاری بـێ پێشـینەیان هێناوەتەئـاراوە، بـە بۆچوونـی ئێـوە ئایـا هـۆکارە بنەڕەتـی و بونیادییەکانـی دروسـتبوونی ئـەم گرووپانـە چیـن و بـۆ بەرەنگاربوونەوەیـان دەبێـت چـی بکرێـت؟**

- ئەدەبیاتـی پەیوەسـت بـە هـۆکار و ریشـەکانی تیرۆریـزم، ئەدەبیاتێکـی گەورەیـە و لـە گەشـەکردندایە. یەکێك لـە هۆکارە سـەرەکییەکانیش لـەم ڕووەوە بریتییـە لـەوەی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان ئیدی خـودی گرووپەکـە بێـت، یـان ئەندامەکانیـان بێـت، لـە دەسـەڵاتی حکومـەت دوورەدخرێنـەوە، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوە دەبێـت کـە ئـەو گـرووپ و تاکەکەسـانە هەوڵـی گرتنەبـەری ڕێگەیەکـی

ناکۆکیی نێوان سعودیە و ئێران ململانێی هێز و ڕکابەری تایفەگەری لە خۆدەگرێت

لە سووریادا ئیدارەی ترەمپ، یەکجار کاردانەوەی هەبوو لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا لە کاتێکدا کە چەند جارێك ئەم چەکە بەکارهێنرا لەو وڵاتەدا

لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارکردن بۆ بەرەودان بە دیموکراسیەتی لیبڕاڵی بواری زیاتر و ئەگەری زیاتر بۆ ناسەقامگیری دروست دەکات

دیموکراسیەتی لیبڕاڵی باشتر مامەڵە لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دەکات بە چەشنێک کە تێیدا گۆڕانکاری لەسەرخۆ دەبێتەهۆی هێنانەئارای سەقامگیری زیاتر

لە سایەی سەرۆکایەتی باراک ئۆباما و سەرۆکی ئێستای ئەمریکا (دۆنالد ترەمپ) خواستێکی کەمتر هەیە بۆ بڵاوەپێکردن و جێگیرکردنی هێزی سەربازی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا. ئەمەش بوار و پانتایی زیاتری بۆ کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی وەک ڕووسیا ڕەخساندووە

ڕادیکاڵ دەدەن بۆ گەیشتن و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات. بۆ نموونە، ئەو تووڕەیی و نائومێدییەی کە سوننەکان هەستیان پێدەکرد دوای ئەوەی زۆرێک لە نوێنەرایەتی و زۆرێک لە پێگە و پایەکانی خۆیان لەدەستدا لە سوپا و لە حکومەتی عێراقدا دوای داگیرکارییەکەی ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆتایی بووە هۆی ئەوەی پەرەسەندنەکان بە ئاراستەیەکدا بڕۆن کە دواجار دروستبوونی داعشی لە سووریا و عێراقدا لێکەوتەوە. ئێستاش دۆخەکە ئەوەیە کە جیهان بە بەردەوامی گرفتارە بەدەست کارە کاولکاری و نامرۆییەکانی ئەو گرووپە و گرووپە هاوشێوەکانیانەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیان پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێگاچارەیەکی یەکگرتوو بگرێتەبەر بۆ بەرپەرچدانەوەیان، لە نێویاندا گۆڕینەوەی زانیاریی هەواڵگرییەکان و وشکردنی سەرچاوە داراییەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان و ڕێگەنەدان بە دروستبوونی نەوایەکی ئارام بۆیان کە بتوانن خۆیان ڕێکبخەنەوە و مەشق و ڕاهێنان بکەن.

*** بۆچوونتان چییە لەبارەی دەستێوەردانە دەرەکییەکانەوە کە لەم ناوچەیەدا دەکرێت؟ ئایا پێتانوایە کە هەمیشە ئەم دەستێوەردانانە کاریگەری سلبییان هەبووە و دۆخەکەیان ئاڵۆزتر کردووە؟ ئایا ئەگەری ئەوە نییە کە ئەو هێزانە بتوانن بەشداریییەکی ئیجابی بکەن لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیەوە؟**

- کاتێک لە دۆخی ئێستای سووریا دەڕوانین، ئەوا دەبینین کە چەندین هێزی دەرەکی لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستڕۆیشتوویدان لەو وڵاتەدا. ڕووسیا ژمارە و کواڵیتی بنکەکانی لەو وڵاتەدا زیاتر دەکات، بە هەمان شێوە ئێران و حزبوڵاش ئەم کارە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە تورکیاش، پێداگیرە لەسەر لاوازکردنی هێزە کوردییەکانی باکووری سووریا و لە ئێستادا دەستی داوەتە داگیرکاری و باس لە پێشڕەوی زیاتریش دەکات، ئەمریکاش هێزێکی بچووکی هەیە لەو وڵاتەدا و ڕای گشتی ئەمریکاش لەگەڵ ئەوەدان وڵاتەکەیان لە سووریا بکشێتەوە. لە ئێستاشدا زۆرێک لە گرووپە چەکداری و تۆندڕەوەکان لە سووریادا بوونەتە سووتەمەنی ئاگرەکەی سووریا و چەکدار و چەک و دارایی دەستەبەر دەکەن کە هەموو ئەمانەش بوونە هۆی درێژەکێشانی شەڕەکە. بەڵام دەکرێت دەستێوەردانی دەرەکی ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی سەلامەتی و تەنانەت سەقامگیریش. دەکرێت لەم ڕووەوە لە پرۆسەی نەوای ئارام لە باکووری عێراق و ناوچەی دژە فڕین لە باشووری عێراق بڕوانین لە کۆتایی شەڕی ١٩٩١ی عێراقدا، کە پارێزگارییان دەستەبەر کرد بۆ خەڵکانی ئەو ناوچانە. هەروەها دەکرێت لە دەستێوەردانی ناتۆ لە بۆسنیا و ڕێککەوتنی دایتۆن بڕوانین، ئەگەرچی درەنگوەختیش بوون، دواتر دەستێوەردانی کۆسۆڤۆی بەدوادا هات کە ئەمەش نموونەیەکی دیکەی ئیجابییە لەبارەی دەستێوەردانی دەرەکییەوە.

*** چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆکی دۆنالد ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ ئایا پێتوایە سیاسەتێکی ڕوون و پێشبینیکراوە؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت سیاسەتی ئیدارەی سەرۆک دۆنالد ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەو شێوەیەی وەسف بکەین کە سیاسەتێکە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە و پێشبینی نەکراوە. کە ئەمە زۆر بە زەقی لە پرسی پەیوەست بە ناکۆکی ئیسرائیل-فەلەستین و ناوچەی کەنداودا بەدی دەکەین.

*** هەروەک دەزانین سەرۆک دۆنالد ترەمپ چەند گۆڕانکارییەکی گەورە و گرنگی لە ئیدارەکەیدا ئەنجامداوە، کە وەزیری دەرەوە و پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی گرتەوە، ئایا ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی چی دەبن؟**

- دەتوانین بڵێین کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەکەی ڕوون نییە، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەم ئیدارەیە لێدوانێکی داوە و دواتر پێچەوانەوەی لێدوانی پێشوو قسەی کردووە. بۆ نموونە لە پەیوەندی بە پرسی کۆریای باکوورەوە سەرۆک ترەمپ ڕایگەیاند کە گفتوگۆ ئەنجام نادات لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتە -کیم جۆن ئۆن- و دواتر ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەی لوتکە لە

نێوانیاندا ئەنجام دەدرێت. لە سووریادا ئیدارەی ترەمپ، یەکجار کاردانەوەی هەبوو لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا لە کاتێکدا کە چەند جارێك ئەم چەکە بەکارهێنرا لەو وڵاتەدا.

*** باشە ئێمە دەزانین کە وەزیری نوێی ئەمریکا مایك پۆمپیۆ و راوێژکاری نوێی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا جۆن بۆڵتین بە تووندی دژی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەن لەگەڵ ئێراندا، ئایا پێتوایە ئێمە لەبەردەم ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ئەم رێککەوتنەدایین؟**

- ڕوون نییە کە ئەم تیمە نوێیە ئامادەیی ئەوەیان هەبێت بتوانن لاسەنگی دروست بکەن لەبەرامبەر ئەو کەسانەی بەرگری لە رێککەوتنەکە دەکەن لە نێو هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و لە نێو کۆنگرێس و ناوەندی ئەکادیمی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پێشوو.

*** باشە ئەگەر تیمی نوێی ئیدارەی ئەمریکا هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەدا چڕکردەوە کە دەبێت دووبارە گفتوگۆ بکرێتەوە لەبارەی رێککەوتنەکە و پێداگیرییان کرد لەسەر ئەوەی دەبێت دووبارە دابڕێژدرێتەوە، ئایا ئەمە چ ئاکام و دەرهاویشتەیەکی دەبێت؟**

- ئێران ئاماژەی بەوە کردووە کە ئامادە نییە دووبارە گفتوگۆ لەبارەی ئەو رێککەوتنە بکاتەوە. نیگەرانییەك هەیە لە نێو ئەو کەسانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین و ئەوانەی دیراستی ئەم ناوچەیە دەکەن کە کۆتاییهێنان بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە سەردەکێشێت بۆ بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی لەم ناوچەیەدا.

*** ڕووداوێکی دیکەی گرنگ و گەورە کە لە وڵاتێکی گرنگی ئەم ناوچەیەدا ڕوودەدات، بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی لە وڵاتی سعودیەدا دەگوزەرێت، بەتایبەت لەلایەن سەرکردایەتی نوێی ئەو وڵاتەوە، ئایا پێتوایە دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانە ئەوە بێت کە سعودیە بتوانێت و بیەوێت سەرسەختانەتر ڕووبەڕووی رکابەرە سەرەکییەکەی ببێتەوە کە ئێرانە؟**

- ئەگەر لەسەر ئاستی سیستمی حوکمڕانی وڵاتەکە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە سعودیە کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەو جموجووڵانەی ئێران بکات لە ناوچەکەدا کە پێیوایە هەنگاوی هەژمونگەران. بۆ نموونە ئەمە لە وڵاتانی سووریا و عێراق و یەمەندا بەدی دەکەین. ناکۆکیی نێوان سعودیە و ئێران ململانێی هێز و رکابەری تایفەگەری لە خۆدەگرێت.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چین؟**

دەبێت پێشبینی دریژەکێشانی ناسەقامگیری و پشێوی زیاتر بکەین لەم ناوچەیەدا.

نابێت قازانجی گەشتیاری بە زیانی ژینگە تەواو بێت

جاران گەشتوگوزار وا پێناسە دەکرا کە بریتییە لە چوونە دەرەوەی مرۆڤ ء دەرچوون لە رۆتینیی کاری رۆژانی ئاسایی، ئیدی ئەو دەرچوونە بۆ هەر مەبەستێك بێت، بەڵام ئەمڕۆ گەشتوگوزار بریتییە لە چالاکییەکی (مرۆیی - کۆمەڵایەتی)ی پشتبەستوو بە مەبەست ء زیادکردنی زانیاری ء جوانترکردنی رەفتار و هەڵسوکەوت، هەروەها گەشتوگوزار لە روانگەیەکی ئابووریشەوە بریتییە لە کارێکی بەرهەمێنەر و لە روانگەیەکی کردارەی ء پراکتیکیشەوە بریتییە لە هونەری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ء لە روانگەی فەلسەفەشەوە بریتییە لە رەگەزێك لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی ئازادیی مرۆڤ.

بۆیە ئێستا گەشتوگوزار چۆتە بواری پەرەپێدانەوە، ناوەڕۆکی پەرەپێدانی گەشتوگوزار یەکسان بووە بە پاراستنی هاوسەنگیی ژینگە و چەمکی گەشتیاریی ژینگەییش هاتۆتە ئاراوە، وەك گەشتوگوزاریی هاوڕێی ژینگە و گەشتیاریی رەوشتی ژینگەیی، چونکە گەشتیاران لە هەر گەشتوگوزارێکیاندا ئەگەر ئاگادار نەکرێنەوە، زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن، لە بوارەکانی پیسکردنی ئاو و هەواو خاك ء زیانگەیاندن بە ئاسەوارەکانء زۆر بەکارهێنانی وزە و دروستکردنی ژاوەژاو و.. هتد.

بۆیە راستە وەك ژینگە بڕبڕەی پشتی گەشتوگوزارە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا زۆرێك لە گەشتیاران زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن، بۆیە پێویستە بەشێکی زۆری ئەو پارەو سەرمایەیەی کە لە کەرتی گەشتوگوزاردا دێنە دەست، جارێکی دی لە چاککردنی ژینگەی ئەو شوێنە گەشتیارییانەدا خەرج بکرێنەوە، بەتایبەت کەرتی گەشتوگوزار کە ساڵ لەدوای ساڵ بڕێکی گەورەی سەرمایە دەخاتە سەر داهاتی ساڵانەی زۆربەی وڵات و هەرێمەکان، چونکە وەك دەرکەوتووە کە تەنیا یەك گەشتیار دەبێتە مایەی جووڵاندنی (٢٣) پیشەی ئابووری وەك گواستنەوە، گەیاندن، چێشتخانە، هۆتیل، شانۆ، مۆزەخانە، پێشانگا، جۆرەکانی وەرزش، پارك، راوی ماسیء بەکارهێنانی کەشتی، ئەسپسواری ء.. هتد.

کەواتە ئێمە لە کوردستان چی بکەین بۆ داهێنانی گەشتیارییەکی تەبا لەگەڵ ژینگە؟

گەشتیاریی ژینگەیی جۆرێکی نوێ بوو لە گەشتیاری کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئەنجامی چەندین هۆکاری سیاسی و ئابووری و کەلتووری هاتەئاراوە، تا ئەو رادەیەی بووە یەکێك لە گرنگترین جۆرەکانی گەشتیاری لەجیهاندا لەماوەی ساڵانی رابردوو.

عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

گەشتیاریی ژینگەیی دیەوێت وا لە گەشتیار بکات، هاوڕێی ژینگە بێت، چونکە زۆرێك لە چالاکییە گەشتیارییەکان دەبنە بەرپرس لە تێکدان و بەهەدەردانی دەرامەتە سرووشتییەکان لەلایەن گەشتیارانەوە، ئەگەر رۆشنبیریی ژینگەیی و یاسا ژینگەییەکان پیادە نەکرێن.

بۆیە گەشتیاریی ژینگەیی زاراوەیەکی نوێ بوو لە هەشتاکاندا کە لەلایەن چالاك و شارەزای ژینگەیی (هێکتۆر لاسکۆرین) ـەوە پێشنیار کرا، بۆ ئاشتکردنەوەی چالاکییە گەشتیارییەکان لەگەڵ ژینگەدا لە ڕێگەی دوورخستنەوەی هۆکارەکانی گواستنەوەی قورس و ئامێرە زیانبەخشەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان، ئەم پێشنیارەش لەلایەن یەکێتیی جیهانیی بۆ پاراستنی سرووشتەوە لەساڵی ١٩٨٣پەسەند کرا.

گەشتیاریی ژینگەیی زۆر بنەمای گرنگیی هەیە، وەك: پیادەکردنی شێوازە کلاسیکییەکان لە هاتۆچۆدا، وەك بەپێ ڕۆیشتن، یان بەکارهێنانی پایسکل بەپێی توانا و ڕێزگرتن لە کەلتووری ناوچە گەشتیارییەکان و دانیشتوانەکەی و پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەیی.

بۆیە پێویستە هەردوو دەستەی ژینگەو گەشتوگوزار لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش کار بکەن، کە چەندین خاڵ لەخۆ دەگرێت، وەك :

١- پەرەپێدان بە چەمکی گەشتیاریی ژینگەیی، چونکە زۆربەی زۆری گەشتیاری هاتوو بۆ کوردستان گەشتیاری ژینگەییەن و بۆ بینینی سرووشت و ژینگەی خۆڕسك دێن.

٢- دانان و تەرخانکردنی بڕێك لە داهاتی گەشتوگوزار بۆ چاککردنی ژینگە، چونکە گەشتیاری ئێمە بەهۆی کەمیی هۆشیاریی ژینگەیی و نەبوونی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی، زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنێت.

٣- هەماهەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی شوێنەوار، چونکە دەکرێت کۆی شوێنەوارەکانیش ببنە قاکتەرێکی هاوپشت بۆ گەشتیاریی زیاتر لە کوردستان.

٤- دابەشکردنی ڕێبەری گەشتیار و تەرخانکردنی پۆلیسی گەشتوگوزار، وەك دوو فاکتەری پێویست، یەکەمیان بۆ هۆشیاری و دووەمیشیان بۆ پێبژاردن.

٥- دانانی مەرجەکانی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەسەر وەبەرهێنان لە بواری گەشتوگوزاردا.

٦- کارکردن بە ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری گەشتوگوزار و ژینگەدا.

٧- یادکردنەوەی باشتری بۆنە جیهانییەکانی وەك ساڵۆڕۆژی جیهانیی ژینگەو ساڵۆڕۆژی جیهانیی گەشتوگوزار.